# بوارەکانی بەڕیوەبردنی قوتابخانە

پرۆفیسۆر پێتەر دێەن بۆستێل /ڕێنە کرێنبڕینگ



inWent
Capacity Building International
Germany

## InWEnt- ليهاتووه بۆ دارشتنی داهاتوو

InWEnt بنیاتنانی ئامادەکاری نێودەوڵەتی، لە وڵاتی ئەڵمانیا، ئەم ڕێکخراوە پرۆژەی جۆراوجۆر لە سەر ئاستی جیهان سەبارەت بە پەرەسەندنی دەرامەتە مرۆییەکان، ڕاهێنانی پێشکەوتوو و گفتوگۆ تەرخان دەکات. پرۆگرامەکانمان کە بریتین لە بنیاتنانی ئامادەکاری کە ئاراستەی سیاسە تمەدارە پسپۆر و پایە بەرزەکان، دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکان، کۆمەڵە بازرگانیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت. ئێمە لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵی ئەڵمانیاوە ڕاسپێردراوین بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ڕا پەڕاندن و پەرەسەندنی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. وەهەروەها هاوکاریکردنی کەرتی بازرگانی ئەڵمانی بۆ دروستکردن پرۆژەی هاوبەشی گشتی و تایبەت. لە میانەی ئاڵوگۆڕکردنی پرۆگرامەکان، ڕێکخراوی InWEnt هەلێك دەرەخسێنێ بۆ گە نجانی وڵاتی ئەڵمانیا بۆ سوود وەرگرتن لە زانیاری و ئەزمون لە دەرەوەی وڵاتدا.

**بڵاوکراوە**

InWEnt- ڕاهێنانی پێشکەوتوو و پەرەسەندنی نێودەوڵەتی
بنیاتنانی ئامادەکاری نێودەوڵەتی

شەقامی فریدریش ئێبەرت ژمارە 40
53113 شاری بۆن، ئەڵمانیا
ژمارەی تەلەفۆن: 0-00492284460
ژمارەی فاکس: 1766 -00492284460
www.inwent.org

کانوونی یەکەمی 2010
دابەشکردنی 4.01 بۆ هاوکاری تەکنیکی، پەرەسەندن و بەڕێوەبردنی سیستەمی ڕاهێنانی پیشەیی
شەقامی کێتە کۆلڤیتس ژمارە 15
68169شاری مانهایم، ئەڵمانیا
ژمارەی تەلەفۆن: 00496213002118
ژمارەی فاکس: 00496213002132

## بـوارەكـانـی بەڕێوەبردنی  قـوتـابـخـانـە

**پرۆفیسۆر پێتەر دێەن بۆستێل /ڕێنە کرێنبرینگ**

## نــاوەرۆك


**چۆنییەتی بەڕیوەبردنی دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان**

1 پێشەکی

2 دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان و ئەرکەکانی بەڕیوەبردن

2.1 پێشخستنی بەڕیوەبردنی خوێندن

3 ئەرکەکانی بەڕیوەبردن و شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن لە پەروەدەی پیشەییدا

3.1 ئەرکەکانی بەڕێوەبردن لە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان

3.2 شێوازەکانی سەرکردایەتیکردنی دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان

4 چە مکی  بەڕێوەبردنی چۆناییەتی و چاودێری پەروەردەیی

4.1 بەڕێوەبردنی چۆناییەتی بۆ دڵنیابوون لە چۆناییەتی و پێشخستنی

4.2 کۆنترۆلی پەروەردەیی بۆ ئاراستە کردن و پێکهێنان

سەرچاوەکان

**بودجـەی دەزگا پـەروەردەیـیە پیشەییەکان**

1 پێشەکی

2 خەرجیەکانی سیستەمی دوانە هۆکارەکانی فێرکردنی پیشەیی لە کارگەکاندا

2.1 خەرجیەکانی سیستەمی دوانە

2.2 هۆکارە گرنگەکانی فێرکردنی پیشەیی لە کارگەکاندا

3 خەرجیەکانی فێرکردنی پیشەیی لە کارگەکاندا

3.1 خەرجیە گشتییەکانی فێرکردنی پیشەیی لە کارگەکاندا

3.2 سودەکانی فێرکردنی پیشەیی لە کارگەکاندا

4 تێچون وخەرجیەکانی خولی بە هێزکردن

4.1 تێچون و کاتەکانی خولی بە هێزکردن

4.2 مۆدێلێکی بودجەدانانی درێژخایەن لە بوارە فێرکردن

سەرچاوەکان

**هاوبە شی کـۆمـەڵایـەتـی لـە خـوێـنـدی پـیـشـەیـی دا**

1 پێشەکی

2 ڕۆڵی هاوبە شی کۆمەڵایەتی

3 هاوکاری نێوان قوتابخانە و کۆمپانیاکان

3.1 هاوكاری لە سیستەمی دوانە دا
3.2 بووارە جۆراوجۆرەكانی هاوكاریكردن
4 هاوبە شی لە فێركردندا
4.1 پێوانەكانی چۆنایيەتی هاوبە شی لە فێركردندا
4.2 دروستكردنی هاوبە شی فێركردنی پتەو
4.2.1 ئامادەكردنی ڕێوشوێنەكان
4.2.2 لە یەكەم گفتوگۆ وە تا گرێبەستی هاوكاری
4.2.3 گرێبەستی هاوكاری
4.3 پتەو كردنی هاوبە شی فێركردن
4.3.1 بەڕێوەبردنی چۆنایەتی هاوبە شی فێركردن
4.4 بۆچوونی كۆمپانیاكان
4,4.1 لە یە ك دوور بوون ؛ سایكۆلۆژی هاوبە شە كان
سەرچاوەكان

## فێركردن و پێشخستنی مامۆستایان

1 پێشەكی
2 داواكاریيەكان لە ستاف خوێندن
3 سیستەمی پێگەیاندنی مامۆستایان لە ئەڵمانیا
3.1 پێگەیاندنی مامۆستایان لە شاری هامبۆرگ بۆ نمونە
3.2 كێشەكانی بەردەم پێگەیاندنی مامۆستایان
3.3 چەند شێوازێكی هەڵبژێردراو بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان
3.3.1 مەشقی وانەی پراكتیكی
3.3.2 وانەی تیم ئاراستەكراو بە گوێرەی كارەكان
4. پێشخستن و خوێندنی تەواوكاری مامۆستایان
4.1 پێشخستن و خوێندنی تەواوكاری مامۆستایان لە ئەڵمانیا
4.2 پرەنسیپەكانی خوێندنی تەواوكاری مامۆستایان
4.2.1 پلاندان و جێبەجێكردنی خوێندنی تەواوكاری مامۆستایان
4.2.2 خوێندنی تەواوكاری مامۆستایان بۆ تاك
4.2.3 خوێندنی تەواوكاری مامۆستایان بە گوێرەی پێداويستیەكانی ناوخۆی قوتابخانە
سەرچاوەكان
پاشكۆ

# بەڕێوەبردن دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان

(نوسینی : پرۆفیسۆر پێتەر دێەن بۆستێل)

## 1. ناوەرۆك

بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەرد ەییە پیشەییەکان هەمیشە بەرفراوانتر و گرنگتر دەبێت ئەمەش بە هۆی گۆڕانکاریەکانی بازاڕی کار و گۆڕانکاریەکان لە چۆنایەتی (کوالیتی) دا:
هەبونی کێبرکێ، شێوازو چە مکی نوێ لە ئاراستە کردن وە هەروەها پێکهینان و پێشکەوتنی دڵنیایی چۆنایەتی (کوالیتی) پێویستیان بە شێوازێکی نوێی سەردکردایەتیکردن و ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنێکی مۆدێرن هەیە.
ئەمە بە هەمان شێوە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان و فوتابخانەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی **خولی بەهێزکردن و پێگەیاندن و پێشخستن دەگرێتەوە.** دەورەکانی و پێگەیاندن و پێشخستن دەگرێتەوە.
بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردەییەکان ئەم کارانە دەگرێتەوە: سەرکردایەتیکردن، بەڕێوەبردن، ئاراستەکردن و نرخاندنی کارەکانی خۆی.
هەر خودی وشەی بەڕێوەبردن بە واتای پراکتیزەکردنی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردەییەکان دێت.
خۆی لە خۆیدا جیهانێکە پر لە ئەرکی بەڕێوەبردن وشێوازەکانی سەرکردایەتیکردنی دەزگا پەروەردەییە جیاوازەکان کە یان پەیوەستن بە دەزگا حکومیەکان یاخود دامەزراوە تایبەتەکان. ئەمەش وا پێویست دەکات کە خۆی لەگەڵ پێداویستیەکان و گۆڕانکارییەکانی بازاڕی سەردەم وکۆنسێپتەکانی هاوچەرخدا بگونجێت.
ئەم نامیلکەیەی بەمەبەستی نیشان دانی ئامانجەکان، ناوەرۆك، پێکهاتە وشێوازەکانی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردییە پیشەییەکانە.
بە شێوەیەکی سەرەکی تیشك دەخاتە سەر پێشکەوتنە کۆنسێپتی و پراکتیزەکراوەکانی ئەڵمانیای فیدڕاڵ.
ئەزمون و پێشکەوتنەکانی نێودەوڵەتی پشکی خۆیان هەیە : لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە دەرئەنجام و حاڵی وڵاتانی هاوشێوە دەکرێت سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکان لەسەر لە بەڕێوەبردن.
وەڵام دانەوەی دوو پرسیاری سەرەکی بە ئامانجی ئەوەی دەرئەنجامەکانی تیۆری و پراکتیکی وڵاتانی تر بەراورد بکرێت وە بە مەبەستی پێشخستنی بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردەییە بە شێوەیەکی کاریگەر:

بیرۆکە وئەرکەکانی .... چین و ئەو ئامانجانە چین کە دەبێت بەدی بهێنرێن؟
خەسڵەتەکان و کاراکتەرەکانی شێوازی سەرکردایەتیکردن: چ ئامانجێك پێویستە بەدی بهێنرێن و بوارەکانی بەکارهێنانیان چۆنن

لە بەشەکانی داهاتودا خوێندنی پیشەیی و دەزگا پەروەردییە پیشەییەکان وپێشکەوتنی بەڕێوەبردن پەروەردەکردن و خوێندن و شێوازە نوێیەکانی ئاراستەکردن و ئەرکەکانی پێکهینان باس دەکرێت (بەشی 2).
وەسفێکی ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و شێوازەکانی سەرکردایەتی کردن بە ڕەچاوکردنی ستافی پەروەردییە پیشەییەکان لە پرۆسەی پەروەردەکردندا دەخوێننەوە (بەشی 3).
لەم نامیلکەیەدا تازەترین زانیاری و پێشاتەکان سەبارەت بە مانجمێنت وچاودێری پەروەردی و خوێندن وە هەروەها سەبارەت بە ئامێرەکانی ئاراستە کردن وپێکهینان و نرخاندن (بەشی 4).

## 2 دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان و ئەرکەکانی بەڕێوەبردن

سەرئەنجام ئەتوانن ئەمانە فێر ببن:
- ناسینی بەشەکانی پەروەردەییە پیشەییەکان و دەزگا پەروەردەییە پەیوەندیدارەکان ،

- روونكردنەوەی بەڕێوەبردنی  پەروەردە و پێشكەوتنەكانی و جیاوازی نێوان بەڕێوەبردنی پەروەردەی ستراتیژیی و كاریگەر بكەرەوە.

بەڕێوەبردن دەزگا پەروەردەییەكان ئەم كارانە دەگرێتەوە: سەركردایەتیكردن، بەڕێوەبردن، ئاراستەكردن و نرخاندنی كارەكانی خۆی.

بەڕێوەبردن و ئیدارەكردنی دەزگا پەروەردییە پیشەییەكان هەمیشە بەرفراوانتر و گرنگتر دەبێت ئەمەش بە هۆی گۆڕانكاریەكانی بازاڕی كار و گۆڕانكاریەكان لە چۆنایەتی (كوالیتی) دا.

لەگەڵ جیاوازیە زۆرەكانی دەزگا پەروەردەییە پیشەییەكان بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان  لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە ئامادەكاری پێویستیان ئەنجام داوە بۆ ئەو گۆڕانكاریانەی كە لەم ساڵانی دووایدا ڕوویان داوە بە هۆی ئەو داواكاریانەی سەبارەت بە تواناكانی خوێندن و بە گوێرەی پێویستیەكانی بازاڕی كار. هەر لەو چوارچێوەیەدا بەڕێوەبردن و بە شێوەیەكی بەرچاو بەرفراوان بوە.

بوارە جیاوازەكانی خوێندنی پیشەیی:

سیستەمی دووانە كە بە **گەوهەری خوێندنی پیشەیی** دادەنرێت، كە نزیكەی لە سەدا 50 ی بەشدارانی ساڵێكی خوێندن دەگرێتەوە.

خوێندن لە سیستەمی قوتابخانە پیشەییەكاندا، واتا خوێندنی پیشەیی لەگەڵ دەوامی چڕ دا كە تییایدا نزیكەی لە سەدا 16 ی بەشدارانی ساڵێكی خوێندن فێردەكرێن

خولی بەهێزكردن ، كە بە تایبەتی بۆ ئەو نەوجەوانانەی كە كێشەی كۆمەڵاییەتیان هەیە وەكو وازهێنان لە خوێندن یاخود لاوازی لە فێربوندا كە دەبێت هان بدرێن.

شوێنە جیاوازەكانی خوێندنی پیشەیی:

شوێنی فێربون لە سیستەمی دوانە دا

شوێنی فێربون لە خولی بەهێزكردن

شوێنی فێربون لە دەرەوەی كارگەكان و قوتابخانەكاندا

ئەمانە تەواو جیاوازن لە ڕووی ئەركاكانیان و ڕێكخستنیان لە دەزگاكانی دەوڵەت یاخود كەرتی تایبەت. جگە لە مە ئەمان بە شتێكی تر ناسروان ئەویش ئەوەیە كە ڕووی پێكهات و ستافەوە شتی زۆر دژ بەیەكیان تێدا بە دی دەكرێت كە دیارترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا باس دەكەین:

= مافی بڕیاردانی خۆ بە خۆ لە پرۆسەی خوێندندا لە لایەك و لە لاكەی تربشەوە خوێندن و وانەی كلاسیك و باو لەگەڵ پێگەیاندنێكی بەرتەسك لە ڕووی تواناكانەوە.

= ڕێكخستنی جەوهەری لە پرۆسەی فێركردن و ڕێكخستنی قۆناخەكان دا بەرامبەر بە هێشتنەوە و پاراستنی چوارچێوەیەك بۆ ئەو تواناییانەی كە پەرەیان پێ دەدرێت.

= پلاندانانی پاشەكەوت كردن بەرامبەر بەئاراستەی پەروەردەیی بۆ پلاندانان و تێپەڕاندی قۆناخەكان

= ئاراستەی پرۆسەكە بەرەو ناوەوەیە لە لایەك و لە لاكەی تر بۆ دەرەوەیە

= -زۆربونی بابەتەكانی خوێندن و كەمی كات بەرامبەر بە زیادكردنی داواكانی كوالیتی ...........

= بیرۆكەی نوێی هاوبەش بۆ ئاراستەكردن و پێكهێنان بەرامبەر بە هەڕەمی كلاسیك و باو لە بوواری پلاندانی بۆ خوێندن و پرۆگرام.

هەبونی كێبڕكێ، شێوازی بیرۆكەی نوێ لە ئاراستە كردن وە هەروەها پێكهینان و پێشكەوتنی دڵنیایی چۆنایەتی (كوالیتی) پێویستیان بە شێوازێكی نوێی سەردكردایەتیكردن،  ئیدارەكردن و بەڕێوەبردنێكی (مانجمنێنت) مۆدێرن هەیە.

ئەمە بە هەمان شێوە دەزگا پەروەردییە پیشەییەكان و قوتابخانەكان و شێوازە جۆراوجۆرەكانی دە ورەكانی و پێگەیاندن و پێشخستن  دەگرێتەوە.

خۆی لە خۆیدا جیهانێکە پڕ لە ئەرکی بەڕێوەبردن وشیوازەکانی سەرکردایەتیکردنی دەزگا پەروەردەییە جیاوازەکان کە یان پەوەستن بە دەزگا حکومیەکان یاخود دامەزراوە تایبەتەکان. پێویستە خۆی لەگەڵ پێداوەستیەکان و گۆڕانکارییەکانی بازاڕی سەردەم و بیرۆکەی هاوچەرخدا بگونجێت.

## 2.1 پێشخستنی بـەڕێوەبـردنی خوێندن

دەزگا پەروەردەییەکان لە ڕێگای بـەڕێوەبـردنی خوێندنەوە سەکردایەتی دەکرێت، ئاڕاستە دەکرێت وە بەڕێوە دەبرێت. ئەرکی سەرەکی بـەڕێوەبـردنی خوێندن پێگەیاندنی خوێندن و خولی بەهێزکردنە.

مەبەست لە خولی بەهێزکردن خوێندن دانانی پلان، جێبەجێکردنی، لێکدانەوە ، هەڵسانگاندن، پشتگیریکردن و باشترکردنی پرۆسەکانی فێرکردن و پیشختنی تواناکاندا لە شێوازوبووارە جیاوزەکانی خوێندندا.

بە هەمانگی و ڕێککەوتن لە نێوان ئامانجەکانی دەوڵەت و هەرێمەکان و هی تایبەت بە کارگەکان وە بە پشت بەستن بە داواکارییە هەنوکەییەکان و پاشەڕۆژییەکان لە پەرەپێدانی تواناکاندا وە بە ڕەچاوکردنی چوارچێوە و مەرجە یاسایی، ئابوری، تەکنەلۆژی و ژینگەییەکان مانجمێنتی خوێندن ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

- چەسپاندنی ئامانجەکانی جیاوازەکانی خوێندن و پێگەیاندن
- دروستکردنی بناغە و ڕێسا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئامانجەکانە
- ئەم ئامانجانە جێبەجێ دەکات لە ڕێی بیرۆکە و پلانەکانی پێگەیاندن و پەرەپێدانی تواناکان
- لێکۆڵینەوە دەکات سەبارەت بە سەرکەوتنی ئامانجەکان

بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی نێوان بـەڕێوەبـردنی **پەروەدەیی کاریگەر** و بـەڕێوەبـردنی **پەروەدەیی ستراتیژی** دا دەکرێت

| |
|---|
| ئامانجی سەرەکی بـەڕێوەبـردنی **پەروەدەیی ستراتیژی** چەسپاندنی ئامانجەکانی خوێندن و پێگەیاندن بۆ ماوەی درێژخایەن لە سەر بناغەی پێکهاتە و پرەنسیپە گشتیەکانی کۆمپانیا و کارگەکان (بڕوانە گرونەر 2000 لاپەڕەی 69 و دواتر). |

بـەڕێوەبـردنی پەروەدەیی ستراتیژی کاری بۆ پاشەڕۆژە لێدوانەکانی سەبارەت بە خوێندن و پێگەیاندن و پەرەپێدانی تواناکان لە پاشەڕۆژدا بشت دەبەستن بە لێکۆلینەوە و لێکدانەوەکانی ئێستا.

کاریگەری زۆری لەسەر وەبەرهێنان و دانانی ئامانجی کۆمپانیا و کارگەکان دەبێت.

چەسپاندنی ئامانجە ستراتیژیەکانی بـەڕێوەبـردن خوێندن هەمیشە لە ژێر کاریگەری و گۆڕانکارییەکانی باری ئابوریدایە وە هەروەها لە ژێر کاریگەری داواکارییە چاوەڕوان لێکراوەکاندایە.

| |
|---|
| **بـەڕێوەبـردنی پەروەدەیی ئۆپێراتیف** ئەو کاررایانە دەگرێتەوە کە پێویستە بۆ جێبەجیکردنی بـەڕێوەبـردنی ستراتیژی ئەنجام بدرێن . |

لێکدانەوەی خەرجی کاریگەر بۆ خوێندن و پێگەیاندن دەبێتە هۆکارێك تاوەکو و پێگەیاندن و پەرەپێدانی تواناکان بە شێوەی داتا و ژمارە بزانرێت.

دەرئەنجامەکانی لێکدانەوەکە دەچنەوە ناو پلاندانی بودجە و پەرەپێدانی ستاف خوێندن. بۆ لێکدانەوەی خەرجیەکان پێوانەی تایبەتی هەیە بۆ نمونە خەرجی هەریەك وانەکان، جۆرەکانی خەرجیەکان وە شوێنەکانی خەرجیەکان.

ئەمانەی خوارەوە چوار هەنگاوی دوابەدوای پرۆسەی **بـەڕێوەبـردنی پەروەدەیی ئۆپێراتیفە**

- لێکدانەوەی پێداویستیەکانی پەروەردە و خوێندن
- پلانی پەروەردە و خوێندن

- جێبەجێکردن
- هەڵسەنگاند

## 3 ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن پەروەدەکردنی پیشەیی

سەرئەنجام ئەتوانن ئەمانە فێر ببن:
- باسکردنی ئەرکە گرنگەکانی بەڕێوەبردن لە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان و چۆنییەتی پراکتیزەکردنیان
-شێوازە جیاوازەکانی سەرکردایەتی کردنی تایبەت بە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان

بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردییە پیشەییەکان بەرامبەر  ئەو زۆربوونی داواکاریی و چاوەڕوانییە زۆرەی لێی دەکرێت و بەرامبەر زۆربوونی ئەرکەکانیدا وەستاوە. بەڕیوەبردنێکی باش و شێوازێکی سەرکردایەتیکردنی باش سەنگی مەحەکن  و بۆ ڕەچاو کردنی و وەرگرتنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی  سەرکەوتوو.

### 3.1 ئەرکەکانی بەڕێوەبردن لە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان

ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردییە پیشەییەکان پێکهاتوە لە دابین کردن و ڕێکستنی خوێندنی پیشەیی لە سەر بناغەی پەرەپیدان و پێشخستنی تواناکان و جێبەجێکردنی ئامانجە دەستنیشانکراوەکان بۆ پاشەڕۆژ.

لە حاڵی حازردا دەزگا پەروەردییەکان و لێپرسراوی بەڕێوەبەراییەتیەکان گۆڕانکاریی دەکەن ئەویش بە هۆی کەمی سەرچاوە داراییەکان، فشاری بە هێزی کێبڕکێ لە بواری بەڕێوەبەراییەتی دا، داواکاریی بۆ گۆڕانی سیستێماتیکی چاودێری کوالیتی و پێشخستنی کوالیتی.
جگە لە ئەرکە ڕۆتینیەکان، کادیرەکانی بەڕێوەبردن خەریکی دۆزینەوەی ڕێگاچارەن بۆ ئەو کێشانەی کە لە کاتی ئێستادا هەن.
سەرەڕای ئەمانە داواکاریی زیاتر هەیە بۆ پێشخستنی کۆنسێپت بۆ پەرەپێدانی کادیرە کۆنەکان بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە دیمۆگرافیەکان و کەمی کادیرە تایبەتەکان، هێنانی کایەی شێوازێکیی نوێ بۆ تاقیکردنەوەکان وە بەکارهێنانی بیرۆکە و شێوازی نوێ لە بواری وانەوتنەوەدا.

پەڕێوەبردن جیهانێکە ئەم ئەرك وکارانە دەگرێتەوە: دانانی بیرۆکە و پلان، ئامادەکاریی، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندنی سیمینار ، خولی بەهێزکردن، شێوازەکانی خوێندن.

**ئەرکەکانی بەڕیوەبردن ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**
**پێشخستنی کادرەکان**

پێشخستنی کادرەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕوو لە پاشەڕۆژ کادر و تیم و یەکەی بە توانا و هاوکار دروست بکرێت.
پێگەیاندنی تواناکان لە هەر دەزگایەکدا بە فاکتەرێکی سەرەکی و ستراتیژی دادەنرێت بۆ بەردەوام بون لە سەر کێبڕکێدا.
ئەمە تەنیا ئەو دەزگا پەروەردەییە پیشەییانە ناگرێتەوە کە سەر بە کەرتی تایبەتن بەڵکو دەزگاکانی سەر بە دەوڵەتیش دەکرێتەوە کە ئەوانیس لە ژێر فشارێکی گەورەی کێبڕکێ دان.

له چوارچێوەی بەڕیوەبردنی خوێندندا پەرەپێدان و پێشخستنی کادیرەکان پێویستە پرۆسە کانی پەرەپێدان و پێشخستن لەگەڵ پێکهاتەی ڕێکخراوەکەدا کار لە سەر یەك بکەن.

ئەرکە دیاریکراوەکانی بەڕێوە بردن لە چوارچێوەی پەرەپێدان و پێشخستنی کادیرەکان لە وەسف کردنی کارەکە دەستپێ دەکات دەڕوات بەرەو کارەکانی دامەزراندنی کادرەکە پاشان نرخاندنی پاشان و پێشخستنی و هاندانی. پەرەپێدان و پێشخستنی کادیرەکان لە ڕاستیدا کارێکی ناوخۆیی دەزگایە بەڵام دەکرێت بە هۆی پشتگیری لایەنی دەرەکیی بەهێز بکرێت.

لەگەل ڕەچاو کردنی ئامانجە ئیداری و ئابوریيەکان بایەخ دەدرێت بە تواناکانی تری کادیرەکان و پێداویستیەکانیان لە پرۆسەی پەرەپێدان و پێشخستنی تواناکانیاندا.

ڕاستیە ك لای هەمووان ئاشکرایە ئەویش کە کادرەکانی خوێندن حەز دەکەن لەکاتی کار کردندا توانا و بایەخە تایبەتەکانیان پراکتیزە بکەن. هەندێك لەو داواکاریی و مەرجانەی کە لە کۆنسێپتەکانی کار و کۆنسێپتەکانی ڕێکخراوەکان هاتون وەکو سەربەخۆیی و توانای کارکردن لەناو تیمدا تەنیا بە کادری بە توانا دەکرێت.

هەر بۆیە پێویستە لە پرۆسەی پەرەپێدان و پێشخستنی تواناکانی کادراندا بالانسێکی هەمیشەیی هەبێت لە نێوان ئامانجەکانی دەزگا پەروەردەییەکە و ئامانجەکانی کادیرەکان.

## هۆشیاری لە خەرجیەکاندا

یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی بەڕێوەبردنی دەزگا پەروەردەییەکان هاوشانی پێگەیاندن و پێشخستن خەرجیەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ببات بەڕێوە.

بەڕێوەبەری دەزگا پەروەردەییەکان دەبێت لەلایەکەوە پێگەیاندن و پێشخستن بە باشترین شێوە بەڕیوە بەرێت و هەمیشە و بەردەوام چاکسازیان تێدا بکات لەلاکەی ترەوە زۆر بە هۆشیارانە خەرجیەکان بەڕێوە بەرێت و پاشەکەوتی تیادا ئەنجام بدات. چاودێری پەروەردەیی کە لە کۆنسێپتە مۆدێرنەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت سەبارەت بە بەراوردیی خەرجیەکان و سودەکانی بە شێوەی چەندایەتی (کوالیتاتیف) دەنرخێنن.

## سەرکردایەتی کردن بۆ بە دی هێنانی ئامانجەکان

سەرکردایەتی کردن بۆ بە دی هێنانی ئامانجەکان لە ڕێگای ئەوەوە بەدیی دێت کە کارمەندەکان بچنە ژێر باری لێپرسراوێتی توانای بڕیاردان.

کارمەندەکان پێویستە ئامانجە سەرەکییەکانی دەزگا و پەیمانگا پەروەردەییەکان بە دیبهینن ئەویش لە ڕێی کارکردنی چالاك و بە ڕێککەوتن  لەگەڵ بەشەکان و گروپەکاندا.

کاری بەڕێوەبردن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە چۆن کار لەسەر کەسایەتی کارمەندەکانی دەکات و چۆن کارمەندەکانی هان دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیمانگاکە.

گفتوگۆیەك بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان لە سەروەیی هەمو کارەکاندا دادەنرێت کە دەبێتە بەراوردێك بۆ هەموان بۆ نرخاندنی و باشکردنی تواناکان.

ڕێکەوتن لەسەر ئامانجەکان: ئەرکەکانی خوێندن دەدرێت بە قوتابیان. بەروارێك بۆ گفتوگۆیەك دەربارەی دیاریکردنی ئامانجەکان دەستنیشان دەکرێت.

قوتابیان خۆیان لە سەر ئەم بابەتانە زانیاری وەردەگرن **(وەرگرتنی زانیاری)**

پلانێك دادەنرێت کە چۆن وە هەتا کەی ئەوان ئەو ئەرکانەی دیاریکراوە ئەنجام دەدەن **(پلانداناں)**

گفتوگۆیەك ئەنجام دەدرێت بۆ ڕێکەوتن لەسەر ئامانجەکان لێرەدا قوتابیان پێشنیارەکانیان سەبارەت بە پلانی کار دەخەنە ڕوو.

پلانی کار و پلانی ئامانجەکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و ڕاست دەکرێنەوە. ڕێکەوتنێك لەسەرئەنجامی ئامانجەکان دەکرێت. (بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی پلان).

لەکاتی دیاریکراودا قوتابیان ئەنجامی کارەکانیـان پـێشکـەش دەکـەن (جـێبـەجـێکـردن).
ئەنجامەکان بە هاوبەشی لەلایەن ستافی سەرکردایەتیەوە دەنرخێندرێت ئەگەر پێویست بکات مۆڵەتی تر دادەنێن بۆ باشترکردن (کۆنتـرۆڵ کـردن ونرخاندنی ئەنجامەکان).
ئەگەر ئەنجامەکان داواکارییەکانین بەجێهێنا ئەوا ڕێکـەوتـن لەسەر ئـامـانـجـەکان کۆتایی پـێدێـت.
بۆ پـرۆسەی خـوێـنـدن دەکـرێت ئـەو ئـەنـجـامـانـە بـنـرخـێـنـدرێـت.

## دروسـتـکـردنی زەمـیـنـەیـەکی لـەبـار بـۆ کارکردن و فـێـرکـردن

بۆ باشترکردنی پـرۆسەی پێگەیاندن و پـێشخستن پـێویستە بـەرێـوەبـەری خـوێـنـدن زەمینەیەکی لەبار بۆ کارکردن و فێرکردن دابین بـکـات کە تـیـیـدا هانی تواناکان بدرێت و پـێشبـخـرێـن.
یـەکـێـك لـە پـرەنـسـپـە سەرەکیەکانی دەزگاکانی خوێندن و پەروەردەییە پـیـشـەیـیـەکان ئەوەیە کە قوتابیان و خوێندکاران بەیەکەوە ببەستێتەوە. هەر لەم میانەیەدا ڕێکخستن و پـێـکهاتەی ئەم پەیوەندییە لە بەشە جیاوازەکان و کارە جیاوازەکاندا تەواو جیاوازە چـونـکـە ئەرکەکانی کارکردن و ماوە و پـێـکـهاتە و بـەشـەکانی خوێندن لەیەکتری جیاوازن.

## لە دەزگاکانی پەروەردەییە پـیـشـەیـیـەکاندا بە شـێـوەیـەکی بەرچاو کاری تـەواوکـاری لە تـیـمـدا ڕوو لە زیـاد بـوونـە.

- دروسـتـکـردنی زەمـیـنـەیـەکی لـەبـار بـۆ کارکردن و فـێـرکـردن ئەم شـتـانـەی خوارەوە بۆ کارمەندان دابین دەکات:
- ئەزموونە فەرمیەکانی فێرکردن لەگەڵ ئەزموونە نا فەرمیەکان پـێـکـەوە گرێـدەدات.
- کاری یەکلانەیە و کـاری تـەواوکـاری و پـێـکهاتەی کارکردن لە تـیـمـدا دروست دەکات. فێربوونی کارکردن لە تـیـمـێـکدا کە دژواریی زاڵـبـوون بە سەرکـێـشـەکاندا بە یەکەوە و وەکو تیمێك دەبێت.
- ئاراستەکردنی تاکەکەس بەرەو فێربوونـی سەربەخـۆ وەکو

فێربوونـی پێشخستنی ڕێکخراو ( پێویستە ڕێـکـخـراوەکە یان دەزگا پەروەردەییە پـیـشـەیـیـەکە بە چی شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی بتوانرێ خوێندنی و فێربوونـی تێدا ئەنجام بدرێ، وە هەروەها ئەو فێربوونـە بە چی شێوەیەك هەڵـدەسەنگـێـنـدرێـت)

## ئاراستەکردنی خزمەتگوزاری

پـێـشکەوتنی دەزگا پەروەردەییەکان پەیوەستە بە پـێـشکەوتەکان میتۆدی نوێ کە بەکارهێنان و جـێـبـەجـێـکـردنـیـان بە ئەرکێکی سەرەکی و جەوهەری لە ئەرکەکانی بەرێـوەبـردن دادەنـرێـت.
پـێـگـەیـانـدن و پەروەردەکردن بەشێوەیەکی پتەو ئاڕاستەی خوێـنـدن دەکرێت کەلەم خاسیەت و ئامانجانەی خوارەوەدا خۆی دەبـیـنـێـتـەوە:
- فـێـربـوون یـاخـود فـێـرکـردن بـە بـەشـداری چالاکـانەی بـە شـداربوەکان بە ئەنجام دەگات کە مەرجی سەرەکی تیاییدا ئەوەیـە کـە بە شـداربوەکان بە گوڕ و تـیـنـەوە کار و ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن، بایەخیان هەبـێـت و پـەرەی پـێـبـدەن.
- لە پـرۆسەی خوێنـدنـدا بـەشـداربوەکان خۆیان پێوانەی جیاواز ئاراستە و کۆنـتـرۆڵی دەگرنە ئەستۆ بە: فـێـربـوون یـاخـود فـێـرکـردن بە بـێ بەشـداربـوون لە ئاراستە کردن کارێـکی ئـاسـتـەمـە.
- فـێـربـوون یـاخـود فـێـرکـردن کارێـکی سوودبەخش و بـنـیـاتـنـەرە کە پەیـوەسـتـە بە ئـەزمـون و باری ڕۆشـنـبـیـری هەریەکـێـك لە بـەشـداربوەکانـەوە وە هەر یەکـێـك لـێـکـدانـەوەی خۆی هەیـە.
- فـێـربـوون یـاخـود فـێـرکـردن بە شـێـوەیـەکی بەردەوام لە چوارچێوەیەکی تایـبـەتـدا بە ئەنجام دەگات واتا هەر پـرۆسەیەکی خوێـنـدن بە کارێك یان پـێـشهاتـێـك دادەنـرێـت.
- فـێـربـوون یـاخـود فـێـرکـردن پـرۆسـەیـەکی کۆمەڵایـەتی کەلتوری چالاکە (سۆشـیـال کەڵـچـەر) کە کاریـگـەری خۆی لەسەر بـەشـداربوەکان و کردارەکانیان هەیە.

## 3.2 شێوازەکانی سەرکردایەتیکردنی دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان

شێوازەکانی سەرکردایەتیکردنی دەزگا پەروەردەییەکان چەند تایبەتمەندییەك و چەند ئەرکێك دەگرێتەوە. گرنگترین شت ئەوەیە کە ئەرکەکانی بەڕێوەبردن بزانرێت وە بزانرێت بە چ شێوازێك ئەوە ئەرکانە بەڕێوەدەبرێن.

سەرکردایەتی یاخود سەرکردە پێویستە لەگەڵ کارمەندەکانیدا یاخود لەگەڵ ستاڤ خوێندن پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و ئاراستەکراو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان بنیات بنێت. بەهەمان شێوە پێویستە لە توانایدا بێت مامەڵەیەکی بەتوانا و پتەو لەگەڵ کۆمپانیا و کارگەکان، دەزگاکانی سەرپەرشتی، وە دەزگا سیاسیەکان بکات.

جگە لە مانە سەرکردایەتی یاخود سەرکردە لێپرسراوە بەرامبەر بە پێشخستن و ئاراستەکردنی دەزگا پەروەردەییەکان بۆ کردنیان بە دامەزراوەیەکی فێر بوون و فێرکردن وهاوکاری کولتوریی.

سەرکردایەتی هەر چۆن بە کار و هەڵسوکەوتی دەستەی سەرکردە وە پەیوەستە بەهەمان شێوەش پەیوەستە بە کار و هەڵسوکەوتی کارمەندانەوە بە گوێرەی ئەرکەکانیان و بە گوێرەی پێکهاتەی دەزگاکە.

> شێوازی سەرکردایەتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی و کارمەندەکان. ئەمە پەیوەندییەکی درێژخایەن، هەمیشە گرنگ وە پەیوەستە بە شێوەی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت.

شێوازی سەرکردایەتی (بڕوانە لاسکە 2006 لاپەرە 126 و دواتر) هەمیشە لە گۆڕان و جوڵاندایە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە پیشانی دەدات کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی (بەشداریکردن) وە ڕەهەندی دەسەڵاتەکانی سەرکردایەتی (شەراکەت) چۆنن.

ڕەهەندی دەسەڵاتەکانی سەرکردایەتی هەموو ئەو بەشدار بوون لە بڕیارداندا یاخود سەربەخۆی کارمەندەکانیش دەگرێتەوە. ئەمانە هەموویان بەیەکەوە ئاراستەکانی سەرکردایەتی کردن لە ستافێکدا دەخاتە ڕوو.

بە پێچەوانەشەوە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی چینایەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکانی سەرکردایەتی لەخۆ دەگرێت بەتایبەتی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان دڵنیابوون، پشتگیری و یەکتری قەبوڵکردن.




هێڵکاریی 2 تۆپۆلۆگیای سەرکردایەتی (بڕوانە : لاسکە 2006 لاپەرە 127 )

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی : pro-soziale Dimension

ڕەهەندی دەسەڵاتەکانی سەرکردایەتی : Machtdimension der Führung

سەرکوتکەر: Autoritär

باوکسالاری: Patriarchalisch

ڕاوێژکاری: Konsultativ

هاوکاری: Kooperativ

ڕێگەپێدراو: Delegativ

لە ڕاستیدا شێوازەکانی سەرکردایەتی کردن هەمیشە لە چوارچێوەیەکدا دەسوڕێنەوە، سنوری نێوانی هەریەك لەم شێوازانە دیارینەکراوە.

بەگوێرەی دەزگا پەروەردەییەکان و پێویستیە هەنوکەییەکان دەستەی سەرکردایەتی کردن بە قۆناغی سەرکردایەتی کردنی جیاوازدا تێدەپەڕێت بە گوێرەی حاڵ شێوازە جیاوازەکانی سەرکردایەتی بەکار دەهێنرێت.

بەهۆی ئەوەی کە لە ڕاستید هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەر هەمیشە لە ژێر کاریگەری کرادر و پەرچە کداردایە و هەمیشە پەیوەستە بە کەس و حاڵەتی جیاوازەوە، بۆیە ناکرێت هیچ یەکێك لەم شێوازانەی سەرکردایەتی کردن بە باشترین یاخود بە گشتیترین دابنرێت.

وەکوتریش سودی ئەم شێوازانەی سەرکردایەتی ئەوەیە کە ئامادە بکرێن بۆ  پۆلێنکردن، هەڵسەنگاندن, پەرەپێدان و پێشخستنیان.

لە دێڕەکانی داهاتودا باس لە هەریەك لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرکردایەتی کردن لە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکاندا دەکەین.

**سەرکردایەتی سەرکوتکەری و باوکسالاری**

سەرکردایەتی سەرکوتکەری پشت دەبەستێت بە هەرەم و بناغەی هێز. بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە گرنگترین و خێراترین شێوازی بڕیاردان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە دەزگاکاندا دادەنرا.

ڕووە بنیاتنەرەکەی شێوازی سەرکوتکەری بۆ نمونە دەربڕینێکی ئاشکرای ئاراستەی ئەرکەکان و تەعلیماتەکان لە جیاتی ڕاوێژپێکردن. هەڵسوکەوتی سەرکوتکەری دژ بە سیستەمی هەڤاڵانەیە وە لە دەزگا پەروەردەییە دیمکوکراتییەکاندا ناگونجێت.

شێوازی سەرکردایەتی سەرکوتکەری لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك شتی ترسناك دەهێنێت. بۆ نمونە چاوەڕوانیە دژبەیەکەکانی کارمەندەکان:

پسپۆڕ و کەسانی شارەزا ڕێگا نادەن  بە شێوازی فەرمان پێکردن و دەستەمۆ کردن مامالەیان لەگەڵدا بکرێت و ئاراستە بکرێن.

جگە لەم کێشە جەوهەریە سەرکردایەتی سەرکوتکەری دەگاتە سنووری خۆی کاتێك پێویست بە کاری سەربەخۆ یاخود بیرو کاری سەرسورهێنەر و خەلاق هەبێت. لە بەر ئەم هۆیانە پێویستە ئەم شێوازی سەرکردایەتی کردنە بە تەنها لە کاتێکی کورت و دیاریکرودا بگیرێتە بەر وەك حاڵەتی کێشەو قەیران، ناڕوونی، دڵنیا نەبوون، یان بە هۆی فشارێکی زۆری کاتەوە.

**شێوازی سەرکردایەتی ڕاوێژکاری**

لە سەرکردایەتی ڕاوێژکاری دا کارمەندەکان هەمیشە بە شێوەی ڕاوێژکارین خەریکی کارەکانن، هاوکاریەکی سنوردار هەیە کە سنورەکەی لەلایەن ستاف بەڕێوەبردنەوە دیاری دەکرێت.

لە سەرکردایەتی ڕاوێژکاری دا کارمەندەکان دەتوانن کێشەکانیان نیشان بدەن و لە دۆزینەوەی ڕێوشوێن و چارەسەردا هاوکار بن.

هاوکارییەکی بەرچاو لەلایەن کارمەندانە وە چاوەڕێ ناکرێت. سەرکردایەتی ڕاوێژکاری تەنها جۆرێکە لە ئەنجامدانی کاری ڕاوێژکاری لە ناو ستاف سەرکردایەتیدا.

بەڵام کارمەندەکان لە شێوازی سەرکردایەتی ڕاوێژکاریدا دەبنە هاوکار و بنیاتنەری پێکهاتە، کە بە پێچەوانەی سەرکردایەتی سەرکوتکەری و باوکسالاریەوەیە.
شێوازی سەرکردایەتی ڕاوێژکاری بۆ وەرگرتنی بڕیار لە کاتی هەبونی کێشە و ناکۆکیدا و ململانێدا لە دەزگا پەروەردەییەکان بەکار دەهێنرێت.
لێپرساوە بەرزەکان لە دانی بڕیارەکاندا پشتگیری دەکرێن و لەڕێگای ئەمەوە دەتوانن بزانن کێ دژە و کێ لەگەڵ بڕیارەکەدایە.
بۆ کێشەی زۆر ئاڵۆز و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی تەواو دووبارە دروستکردنەوە سەرکردایەتی ڕاوێژکاری باشترین شێواز نییە.

**شێوازی سەرکردایەتی هاوکاری**

شێوازی سەرکردایەتی هاوکاری دەیەوێت ستراتیژ و ڕێوشوێنەکان پێشبخات و جێبەجێیان بکات.
پێش وەخت دەبێت تیۆرەیەکانی زانراو بێت ئینجا پراکتیزە بکرێت بە جۆرێك کە کارمەندان توانا کەسییەکانیان تەنها لە بەرژەوەندی دەزگاکەیان بەکاربێنن. ئەمەش لە ڕێگای هاوکاری و دانان بە یەکتردا و پێزانین .
هاندان زۆر گرنگە لە شێوازی سەرکردایەتی هاوکاریدا.
لە و دەزگاپەروەردەییانەدا کە کارمەندان لە لایەکەوە بواری پسپۆری تازەبابەتیان هەیە و لەلایەکی ترەوە ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت کە هەمیشە بەشدار بن و شوێن دەستیان دیار بێت, ئەوا شێوازی سەرکردایەتی هاوکاری زۆر گونجاوە.
لە چواچێوەیەکی کارکردنی هاوکاری زۆر ئاسانترە کێشەکانی دەزگا پەروەردەییەکە باس بکرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.
بەڵام سنوری شێوازی سەرکردایەتی هاوکاری لە وێدا دەبینرێت کاتێك داواکاریی و چاوەڕوانییەکی زۆر هەبێت لە کارمەندان بۆ هاوکاری کردن کە ببێتە هۆی بێزارکردنیان یاخود لاوازییان بکات. بە پێچەوانەوە ستاڤی بەڕێوەبردن ڕۆڵی سەرکردایەتی خۆی بۆ نابینرێت. شێوازی سەرکردایەتی هاوکاری داواکاریی و چاوەروانییەکیەکی زۆر لە پێکهاتەی دەزگاکە و ستاڤی خوێندن هەیە.

**شێوازی سەرکردایەتی ڕێگە پێدراو**

سەرکردایەتی ڕێگە پێدراو ئەرکەکان، لێپرسراوێتیەکان لە بەڕێوەبەرایەتییە وە دەگوازێتەوە بۆ کارمەندان. لە ئاراستەکردنی ئەرکەکان و ئامانجەکاندا ئەم شێوازەی سەرکردایەتیکردن بۆ هەماهەنگی کردن لە کارکردن لە ناو دەزگا پەروەدەییە پیشەییەکاندا زۆر گونجاوە. ستاڤی سەرکردایەتی و کارمەندان سەربەخۆتر کاردەکەن, ئەرکەکانی بڕیاردان بەیەکەوە و بە گویرەی پلان و سیستەم بە ئەنجام دەگەیەنن.
شێوازی سەرکردایەتی ڕێگە پێدراو لە سەر بناغەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربووەکان دەکرێت. ئەگەر ئەمە هەبوو ئەوا کارمەندی بەتوانا بوارێکی فرەلایەنی هەیە خۆی ئاراستەی کارەکانی بکات و خۆی ڕێکیان بخات.
چەمکی جیاواز هەیە بۆ شێوازی ڕێگە پێدراو وەکو تەرکیز خستنە سەرڕێگە پێدان بۆ ئەرکەکان یان تەرکیز خستنە سەر ئامانجەکان تا دەگاتە چەمکی سەربەخۆ (ئیتۆنۆم).
لە سەرکردایەتی ڕێگە پێدراو دا دەبێت لێپسراوەکانی سەرەوە توانا و ئامادەکارییان هەبێت بۆ بەکاربردنی دەسەڵاتەکەیان وەکو بوارێك نەك وەکو زەوت کردنی دەسەڵاتەکانی بەڕیوەبردن.
دڵنیابوون لە تواناکانی یەکتر، توانای هەڵگرتنی لێپرسراوێتی، دڵسۆزی و هاندانی کارمەندان لەم شێوازەدا زۆر پێویستن.

ئەوکۆنترۆڵە سنوردارەی بەڕێوە بەر دەبێت لە ڕێگای کۆنترۆڵی خودییەوە لە لایەن کارمەندانەوە پڕبکرێتەوە. بەڵام ئەم مەرجە لە زۆر کارمەند و لێپرسراو دا نییە بۆیە دەبێت یەکەم جار مەشقی لەسەر بکرێت.
هەربۆیە سەرکردایەتی ڕێگە پێدراو تەنیا بۆ کارمەندو لێپرسراوی بەتوانا گونجاوە. کە بتوانن لێپرسراوێتیەکانیان بە یەکتر بدەن. ئەگەر بواری مامەڵەکردن فراوانتر ببێت لە وانەیە فشاری زۆر دروست ببێت.
لە بەر ئەم هۆیانە سەرکردایەتی ڕێگە پێدراو تەنیا لە پاش لێکدانەوە مەرجەکانی کەسەکان و دەزگاکە بەکار دێت.

## 4 چەمکی بەڕێوبردنی چۆناییەتی و کۆنترۆڵی پەروەردەیی

سەرئەنجام ئەتوانن ئەمانە فێر ببن:

- پەیوەست بوونی چۆناییەتی بە بەڕێوبردنی چۆناییەتی لە چوارچێوەی دەزگا پەروەردەییە پەشەییەکاندا ڕوون بکەرەوە،
- ڕوونکردنەوەی ئەرکەکان و قۆناغەکانی چاودێری پەروەردەیی هەروەك بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکاندا.

کۆنترۆڵی پەروەردەیی بۆ ئاڕاستە کردن و هەڵسەگاندن هەروەك لە دەزگا حکومییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بە هەمان شێوەش لە چوارچێوەی دەزگا پەروەردەییە پەشەییەکاندا ڕۆڵی لە زیاد بوونە.

### 4.1 بەڕێوەبردنی چۆناییەتی بۆ دڵنیابوون لە چۆناییەتی و پێشخستنی

چۆناییەتی وشەیەکی ڕوون نییە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت بەڵام هەمیشە بە مانایەکی باش بەکاردێت.

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە بەرهەمەکانەوە هەیە کە هەمیشە لە دەرەوە چاودێری دەکرێت.

قسە کردن لەسەر چۆناییەتی تەنیا ئەو کاتە کاریگەرە کە سنوردار بکرێت لەو چوارچێوەیەدا حوکمی لە سەر بدرێت.

لە بواری دەستەواژەیی تەکنیکیدا چۆناییەتی پێك دێت لە کۆمەڵێك خەسڵەتی یەك یەکە کە مەرج و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

تایبەتمەندییەکانی **دڵنیابوون لە چۆناییەتی و پێشخستنی** لە پەروەردەی پیشەییدا لە وەدا خۆی دەبینێتەوە کە چۆناییەتی لە پەرەپێدان و پێگەیاندن لە نێوان بەشداربووەکاندا دروست دەبێت. ئەمە کاری پەروەردەیی و کاری بەرهەمهێنانی پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی تر جیا دەکاتەوە.

خەسڵەتی ڕازی کردنی بەکارهێنەر کە بۆ پێشخستنی چۆنایەتی لە هەموو بووارەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، لە بوارو پرۆسە خوێندندا قسەی یەکلاکەرەوەی هەیە.

لە پرۆسە خوێندندا هەمیشە شتی وەکو تێنەگەیشتن، نەبونی ئارەزوو، بەرگریکردن کە بە هۆی تێگەیشتنی هەڵەوە لە چۆنایەتی وا لێك دەدرێتەوە کە ئەوە نوقسانی یە لە چۆنایەتی مەرجەکانی خوێندن.

گفتوگۆ کردن لە سەر چۆنایەتی لە ماوەی چەند ساڵێکدا لە دڵنیابوون لە چۆناییەتییە وە بۆ پێشخستنی چۆنایەتی وە بۆ بەڕێوەبردنی چۆنایەتی ئینجا بەرەو بەڕێوەبردنی جۆرى سەرتاسەری برد Total Quality Management (TQM).

دڵنیابوون لە چۆناییەتی ئامانجی سەرەکی بریتییە لە بەرهەمی کۆتایی, وە هەوڵ دەدات لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنەوە نوقسانی و کەمایەتییەکان بەرهەمەکان کەم بکاتەوە.

پێشخستنی چۆنایەتی تیشك دەخرێتە سەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و ستاندارد کردنی.

بەڕێوبردنی چۆنایەتی هەنگاوێك زیاتر دەڕوات, تەنیا کار لە پرۆسەکانی ناوەوە ناکات بەڵکو کار لە سەر پرۆسەکانی دەرەوەش دەکات.

وەکو باشترکردنی ئاڕاستەی بەکارهێنەر، خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و باشترکردن.

بەڕێوبردنی چۆنایەتی سەرتاسەری دا تەواوی پرۆسەکان و کاراکتەرەکانی دەزگاکە لە پرۆسەیەکی کارلەیەك کەری بەردەوام دا دەبەسترێنەوە. چۆنایەتی وەکو بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی ڕێکخراوەکە دادەنرێت. لە زۆر ڕێکخراو و دەزگادا پێشخستنی چۆنایەتی وەکو بەشێکی سەرەکی بناغە و سیاسەتی دەزگاکە دادەنرێت.

### 4.2 کۆنترۆڵی پەروەردەیی بۆ ئاڕاستە کردن و پێکەینان

بۆ ئاراستە کردن و پێکهێنانی پرۆسەی خوێندن لە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکاندا ئامرازی ئاراستە کردنی جیاواز هەیە.

**کۆنترۆڵی پەروەردەیی** خوێندنی پیشەیی لێك دەداتەوە و ئاراستەی دەکات بە گوێرەی خەسڵەتەکانی چالاکی، بەتوانایی، گونجان لەگەڵ کار و فێرکردندا.

کۆنترۆلی پەروەردەیی لە مێژوودا بە پشتگیری چاودێری دەزگا دادەنرێت، کە تیایدا پەیوەندی نێوان ستونەکانی دەرەوە و ناوەوە پێوانە دەکات. بە واتای پرۆسەکان و ئاکامەکان بە گوێرەی ئامانجی دیاریکراو و بە گوێرەی بە کاربردنی داهات و سەرچاوەکان لە رووی چەندایەتییەوە دەنرخێندرێت. ئەم چەمکە لە دواییەدا بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان کراوە.

بەرێوبردنی چۆنایەتی بایەخ دەدات بە پرۆسەی دروستکردن و خزمەتگوزاریی، کە لە چوارچێوەی زنجیرە پێوانەکانی وەکو (DIN EN ISO) کە پەیوەندیان بە مەرجەکان و تواناکانەوە هەیە و کەمتر پەیوەندیان بە خەسلەتەکانی چۆنایەتیەوە هەیە.

زنجیرە پێوانەکانی (ISO) خەسلەتە ناوەرۆکییەکانی بەرێوبردنی چۆنایەتی تۆمار دەکات وە بەم جۆریە :

(ISO 9001: 2000).

هەڵسەنگاندنی خوێندن پەیوەندی هەیە بە ئامرازێکی پێکهێنانی خوێندن وبە هەڵسەنگاندنی دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکان دادەنرێت. ئامانجی تۆمار کردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکانی پەرەپێدانی تواناکان و پرۆسەی خوێندنە, زۆر بایەخ نادات بە ئاراستەکردنی پرۆسەکان.

**کۆنترۆلی پەروەردەیی** تا ئێستا سەرەکیترین و باوترین شێوەی بەرێوبردنی ئیدارییە بۆ ئاراستەکردن و پیکهێنان لە چوارچیوەی بەرێوبردنی خوێندندا.

ئامانجی کۆنترۆلی پەروەردەیی لە وەدا خۆی دەبینێتەوە چالاکی و بەتوانایی دەزگایەکی پەروەردەی پیشەیی یاخود کارگەیەك بخرێتە چاودێری لە بەرزکردنەوەی لایەنی ئابووری و بەدیهێنانی ئامانجەکانیەوە وە تاوەکو توانای خۆگونجاندن و گۆرانکاری لە ناوخۆ و دەرەوەی دەزگاکە باشتر بکرێت.

کۆنترۆلی پەروەردەیی نا بێت وەکو کۆنترۆڵ سەیر بکرێت. بەڵکو زیاتر وەکو ئاراستە کردن، پلاندان، پەرەپێدان خوێندنی پیشەیی دادەنرێت. وەکو چاودێرێك بۆ پێشخستنی پرۆسەکانی پەرەپێدانی تواناکان و پرۆسەی خوێندن لە چوارچێوەی پلانێکی ستراتیژی. هەر لەگەڵ دانانی چەمکی دەزگا یان کارگەکەدا، وە لەگەڵ زیادبوونی فشاری خەرجیەکان لەسەر بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری پێویست دەکات کە پێوانەیەك بۆ کاریەگەریی و بەتوانایی بابەتەکانی دەزگاکە بکات.

کۆنترۆلی پەروەردەیی سێ ئەرکی سەرەکی هەیە:

| ئەرك | وەسف |
| --- | --- |
| **هەماهەنگی** | ئەرکی هەماهەنگی پەیوەندی بە زۆربوونی بەشەکانی سیستەمی دەزگاکەوە هەیە وەکو سیستەمی پلاندانان، سیستەمی کۆنترۆڵ وە سیستەمی یەرێوبردنی چەروەردەیی و زانستی. |
| **زانیاری** | ئەرکی زانیاری پێك دێت لە تۆمارکردن و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لە داتاکانی پەیوەست بە رێوشوێنەکانی پەرەپێدان. |
| **ئاراستە کردن** | ئەرکی ئاراستە کردن لە رێگای بەروارد کردنی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هەوڵ دەدات بۆ پلاندانان بۆ ئەوەی پاشەرۆژ ئاسانتر بکات. |

هێلکاری 4 ئەرکەکانی کۆنترۆلی پەروەردەیی بوێر جهی ڤان 2005.

ئامانجی کۆنترۆلی پەروەردەیی بۆ پێکهێنان و ئاراستەکردنی پرۆسەکانی پەرەپێدانی تواناکان و پرۆسەی خوێندن بە شێوەیەك پلانی بۆ دارێژراو کە خەرجییەکانی کارمەندەکان و بوارەکانی پێشخستنیان لە بەرچاو دەگرێت.

ئەم پلانەی پێکهێنان و ئاراستەکردنی خەسلەتی ئابوری ،چالاکی، بەتوانایی، خەرجییەکان لەگەڵ خەسلەتەکانی تر وەکو پەرەپێدانی تواناکان بوارەکانی پێشخستنی خوێندن بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

کۆنترۆلی پەروەردەیی بە شەش قۆناغدا تێدەپەرێت:




هێڵکاری 5 قۆناغەکانی کۆنترۆلی پەروەردەیی (پڕوانە زێبەر 2000 لاپەڕە 35 و دواتر).

**کۆنترۆڵی پێویستی و ئامانج**

لەم قۆناغەدا داواکانی پەرەپێدان لە دەزگا پەروەردەییە پیشەییەکاندا دەستنیشان دەکات زوو دەیان بەستێتەوە به پەرەپێدانی تواناکان و بایەخە تایبەتیەکانی ستاڤ خوێندن.

لێکۆڵینەوە لە پێویستیەکان بەرز دەکاتەوە سەبارەت بە ئەرکەکانی ئێستا و پاشەرۆژی دەزگاکە وە ئەمانیش بەرز دەکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە جێی تایبەت لەگەڵ بەرزکرنەوەی تواناکانی ستافدا.

## سەرچاوەکان


Bülow-Schramm, M. (2006): Qualitätsmanagement in Bildungseinrichtungen. Münster u. a.

Ebbinghaus, Margit/Krewerth, Andreas (2007): Qualitätsmanagement in der Aus- und Weiterbildung. Geschichte – Theorie – Praktische Anwendung. Lehrveranstaltung an der Universität Bielefeld; Sommersemester 2007

Grüner, H. (2000): Bildungsmanagement im mittelständischen Unternehmen. Herne/Berlin

Laske, St./Meister-Scheytt, C./Küpers, W. (2006): Organisation und Führung. Münster

Schlottau, W. (2009): Kompetenzentwicklung bei der Ausbildungsleitung. In: Ausbilder-Handbuch, 110. Erg.-Lfg., 2009

Schöni, W. (2006): Handbuch Bildungscontrolling. Steuerung von Bildungsprozessen in Unternehmen und Bildungsinstitutionen. Zürich/Chur

Seeber, S. (2000): Stand und Perspektiven von Bildungscontrolling. In: Seeber, S./Krekel, E.M./Buer, J. van (Hrsg.): Bildungscontrolling. Ansätze und kritische Diskussionen zur Effizienzsteigerung von Bildungsarbeit. Frankfurt a.M., S. 19-50

## بودجەی پەروەردەییە   پیشەییەکا ن

(نوسە ر پرۆفیسور دکتور پیتە ر دیەن بوستل)

**پێشە کی**

هەتا وەکو پەروەدە پیشەییەکان لەسەر بنەمای ناوی یەکەم و ناوی دووەم بە کاردەهێندرا بوجەکەی هیچ کێشەی نەبوو. فێربوون لە ڕێگای کارکردن لە دەزگاکاندا مانای ئەویە بە شداربوونی فێرکەرەکان یاخود قوتابیە کانە لە بووجە ی پەروەردەییە  پیشەییەکانە.
پاش دە ست پێ کردن بەمە شق کردنی بە ردە وام بە مامۆستاکان و قوتابییەکان کێشە ی بودجە لە نوێ پە یدا بووەوە.
لە گە ڵ دە ست پێ کردن بە فێرکردنی قوتابیە کان و مە شق پێ کردنیان لە دەزگاکاندا نە تواندرا بەشداربوون لە ڕێگای کارکردن لەو دە زگایانە تەواوی خەرجیە کان دا بپوشرێت . لەبەر ئەوە   پێویست بوو کە بودجە بۆ قوتابخانە ومامۆستا و دە زگاکانی فێرکردن دابین بکرێن.
ئەمڕۆ بودجە ڕۆڵێکی سەرەکی دە بینێ لەهەڵسەنگاندن و متمانە پێکردن بە دەزگا پە رودەیە پیشەییەکان .
پێشەکی زانینی خەرجی پەروەردەییە پیشەییەکان لە ئەڵما نیا بووە بە  *نەریتێکی کۆن*.
خەرجیە کانی فێرکردن لە چە ند لایەنێکەوە دابین دەکرێت وەکو دەوڵە ت, دەزگا, تاکەکەس و دەزگای حکومی  بۆ دابین کردنی کاری.
لە ڕێگای ئەم نامە فێرکەرەوە لە بە شی 2 باسی پەروەردەییە پیشەییەکان لە سیستە یمی دوانە دا دەکرێت.سیستەمی دووانە بە شێوەیەکی گشتی ڕێگایەکی پەروەدەی زۆر سەرکە وتووە. پێش هە موو شتێك بودجە بڕیار دەدات ئەگەر دەزگاکە کارا بێت یان کارا نەبێت.
ژمارەیەك هۆکاری گرنگ هەیە بۆ دەزگاکان کە فێرکردن تێدا ئەنجام بدرێت یان نا بە لاَم گرنگترینیان بودجە و سوود لێ کردنە  بۆ بڕیاردان  لەسەر جێ بە جێ کردنی پرۆژەی ناوبراو. هەرچەندە خەرجیەکان کەمتربن ئەودەزگایانە بە ئاسانتر ڕازی ئەبن جێگای فێربون ئامادە بکەن.
خە رجی پەروە ردە ییە پیشە ییە کان لە بە شی 3 شی ئە کرێتەوە. جیا کردنەوەی خەرجی گشتی و خەرجی صاڧ زۆر گرنگە.
لە بە شی 4 باسی بودجە و خەرجی پەروەردەییە پیشەییەکا ن دەکە ێن لە دە وڵە تە کانی ڕۆژئاوا, بە شێکی ژیانی هەتاییە.
لەبەر ئەوەی دابین کردنی بودجە بۆ فێربوون بە ردەوام لە زیادبوون دایە ، بیرکردنەوە بە شێوەیەکی تایبە تی لە ریفۆرمی بوجەی پەروەردەییە پیشەییەکان دە کرێت, مودێلی نوێ لە بارەی پەروەردە و ئامانجەکانی سیاسیە تی کۆمەڵگا و گە یشتن بە ئامانجەکان دیاری دەکرێن. بناغەی ئەمەش بریتییە لە شیکردنەوەی بودجە بۆ گەیشتن بە ریفۆرم وە شیکردنەوەی پێکهاتەی سیستەمی بەکارهێندراو.

### 2  خە رجیە کانی سیستە می دوانە وە هۆکارەکانی فێرکردنی پیشەیی لە کارگەکاندا

**لە ئە نجامدا دە توانن :**

- خەمڵاندنی خەرجیەکانی سیستەمی دوانە و جیاوازی کردن لە نێوان قوتابخانە پیشەییەکان وە دە زگای مەشقی دەرەکی و ناوەکی.
- دیاری کردنی گرنگترین هۆکارەکانی پەروەردەکردن لە پەروەردەییە پیشەییە کان  !

### 2.1  خە رجیە کان لە سیستیمی دوانە

پەروەردەییە پیشەییەکان لە ئە لْمانیا پێکهاتوون لە:

1. سیستەمی دوانە وەك  **جەوهەری پەروەردەییە پیشەییەکان** ، ئەمە  لەسەدا ٥٠ ی پرۆگرامی پۆلی پێشکە وتوو دە گرێتە وە.

2. مەشق كردن لە سیستەمی قوتابخانە پەروەردە ییە پیشەییەكان , **ما نا لە قوتابخانە پیشەییەكان كە پێان دەوترێت قوتابخانە ی تە واوی كات ، كە تێدا لە سە دا ١٦ پرۆگرامی پۆلی پێشكە وتوو دە گرێتە وە.**

3. **چە ند پێوا وە كو پردێك بە كار دیت بۆ یارمە تی دانی ئە و كەسانە ی كە دوا كە وتوون ئاستی كۆمەڵایەتی** وەك ئەو قوتابیانەی كە وازیان لە خوێندن هێناوە وە ئەو كەسانەی كەبەزەحمە ت فێردەبن.

**لە م بە شە دا بوجەی پەروەردە ییە پیشەییەكان لە سیستەمی دوانە دا باس ئە كرێت.**

**پە روەردەی دوانە لە دوو جێگای سە رە كی بە رێوە ئە چێت:**

- **جێگای فێربون لە دە زگا**
- **جێگای فێربوون لە قوتابخانە پیشە ییە كان**

**جێگای سێیەمی فێربوون بریتییە " فێربوون لە دەرەوەی دەزگایە "** پێش چە ند ساڵێك هاتۆتە ناو ئەم سیستەمەوە بە تایبە تی لە كارەكانی دە ستی و كارگە بچوكەكان كەلەم رێگەیەوە پاڵ پشت دەكرێن چونكە زۆر لەو دەزگا بچوكانە پێویستیان بەم پاڵپشتیە هەیە. پەروەردەییە پیشەییەكان لە سیستەمی دوانە لە دەزگای جۆرا و جۆر لە رووی گەورەیی بەكاردێت و بودجە و بەرێوەبردنی بۆ تەرخا ن دەكرێت.بە گوێرەی یاسای گشتی ئە ڵمانیا لەم سیستەمەدا دوو رۆژ لە حە فتەدا ئەرۆن بۆ قوتابخانە, لێردا ١٦ پارێزگای ئە ڵمانیای فیدرال بەشدارن. پرۆسەی پەروەردەییە پیشەییەكان بەرپرس دەبێت كارگاكان. بەرپرسی جێبە جێكردنی پەروەردە ییە پیشەییەكان لەدەست بەرێوەبەرایەتی خۆیی ئابووری .

لە پەروەردەییە پیشە ییەكان ناكرێت باس لە خەرجی بكرێت لەبەر ئەوەی قوتابیەكان بە شێوەیەكی راستەوخۆ بەشداری لە قا زانج هێنان بۆ ئەو كارگەیە دەكەن بە هۆی كاركردنیان لە و كارگایە. لەبەر ئەوە لێرە جیاوازی لەنێوان خەرجی گشتی و خەرجی صافی دەكرێت.

ئەگەر سیستەمی دوانە رەچاو بكرێ ئە بینین كە وا لە ساڵی ٢٠٠٧ برِی (١٤،٦) ملیار یورو لەم بوارە خەرج كراوە .وەك ئەو وێنەیەی خوارەوە پیشان ئەدات خە رجی گشتی دابە ش بووە بۆ سەر سێ بەشە سەرەكیەكەی سیستەمی دوانە

1) 3,8 ملیار یۆرۆ بۆ قوتابخانە ی كا ر
2) 8,5 ملیار یۆرۆ بۆ پەروەردەییە پیشەییەكان
3) 2,3 ملیار یۆرۆ بۆ مەشق كردن لەدەرەوەی كارگاكان.




هێلكاری 1:خە رجیە كانی سیستەمی دوانە ( لە باو مان سا لی 2007 لاپەرە 269)

## 2.2 هۆکاره گرنگەکانی فێرکردنی پیشەیی له کارگاکاندا

**به کارهێنانی پەروەرده ییه پیشەییەکان له کارگەکاندا** به چەند هۆیەك بەستراوه كه تاڕادەیەك هەڵسەنگاندنی بۆ كراوه.
چاو پێخشاندنێك لەڕووه بەکارهێنراوەکان پیشان ئه دات كه پێویسته لێکوڵینەوەی زانستی بۆ بکرێ. له خوارەوه ئەنجامه گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی په یمانگای یه کگرتوو بۆ پەروەردەییه پیشەییه كان له بارەی خەرجی و به کارهینانی پەروەرده پیشەییەکان پیشان دەدەین (پەیمانگەی یەکگرتوو بۆ پەروەردەییه پیشەییه كان 2007)؛

- خوێندن و پەروەردەکردن له کارگەکانی پەروەردەییه پیشەییەکان بۆ ئەوه ئەنجام دەدرێ تاوەکو کارگەری یەدەکی فێرکراوی بەردەوامیان هه بێت. (84 له سه دا)
- خوێندن و پەروەردەکردن له کارگەکانی پەروەردەییه پیشەییه كان بۆ ئه وه ئەنجام دەدرێ تاوەکو باشترینیان بۆ خۆیان هه لبژێرن (70 له سه دا).
- خوێندن و پەروەردەکردن له کارگەکانی په روه رده ییه پیشه ییه كان بۆ ئه وه ئەنجام دەدرێ تاوەکو هەڵه له دامه زراندنی کارگه ری بێگانه نەکەن (60 له سه دا)
- خوێندن و پەروەردەکردن له کارگه كان په روه رده ییه پیشه ییه كان به کارده هینن تاوەکو خه رجی به ڕێوه بردن كه م بکه نه وه (58 له سه دا)

زۆر کارگه ده یانه وێت له ڕێگه ی په روه رده ییه پیشه ییه كان به ناو بانگ بن لای مه عمیله کانیان وکارگه کانی تر و لای هاوڵاتیان. 81 له سه دای کارگه كان ئه و شته زۆر به گرنگ ده زانن بۆ پێشکه وتنی کارگه کانیان.
هه ر به م شێوه یه 71 له سه دا ی کارگه كان گومانیان نیه كه له ڕێگه ی په روه رده ییه پیشه ییه كان جوانی و به رهه م زیادی کارگه ران و سیاسه تی دا مه زراندن به رزتر ده بێت.پەروەرده ییه پیشه ییه كان په یوه ندی پته وتر لەگەڵ کارگه ران په یدا ده كات. ئه مه 87 له سه دای کارگه كان پەسەندی دەکەن.
کارگەکانی پەروەردەییه پیشەییه كان كه خوێندن و پەروەردەکردنی تێدا ئەنجام دەدرێ زیاتر له فێرکردنی گەنجەکان قازانج ده كه ن . 55 له سه دای کارگەکان له کاتی فێرکردنی قوتابیان دەتوانن وەکو کارمەند بەکاریان بهێنن . ته نها 17 لەسەدای کارگەکان ئەمەبه گرنگ نازانن.
زوربه ی کارگاکان گرنگییەکی زۆریان پیشاندا بۆ دامەزراندنی کارمەندی به ئه زمون وه ڕازین به خەرجیەکان وپه یوەندیەکانی .

**توانای سیسته می دوانه بو دابین کردنی ئه زمونی پێویست**

به زۆری و به باشی له قه ڵه م ده دریت. زیاتر له نیوه ی کارگەکان لێی ڕازین

## 3 تێچونی پەروەرده ییه پیشه ییه كان

له ئەنجامدا دەتوانن:

- شیکردنەوەی خەرجی پەروەردەییه پیشەییه كان و جیاوازی کردن نێوان خەرجی گشتی و خەرجی صافی و بەرهه م.
- شیکردنەوەی بەکارهێنانی پەروەدە ییەپیشەییەکان و جیاوازی کردن نێوان به کارهێنان له ڕێگای فێرکردن وه فێرکەران.
- خەمڵاندن كه ئایا ئەم فێرکردنه سوودبەخشه بۆ کارگەکان.

تێچونی پە روە ردەییە پیشەییکان بەزۆری لە لایەن کارگەکانەوە دابین دە کرێ. کارگاکان دەتوانن یارمە تی دەوڵە ت  وە رگرن. کە ماوەی چە ند ساڵە هەر لە زیادبووندایە.

بوجەی قوتابخانەکان لە سیستەمی دوانەدا بەندە بە فەرمانبەرایە تی قوتابخانە پیشە ییەکان.بۆیە پێویستە لە        ئە ڵمانیا دە بێت قوتابخانە پیشە ییە کان هە بن وە بۆ هاتنە کایە وەی دە وڵە ت بە رپرسە و یارمە تی دەریشە  لە بوجە.

تێچونی کارگە کان کە لە ڕێگای فێرکردنەوە دروست دەبن, بە جوانی ڕوون دە کرێتە وە و قیمە ت و ژمارە کانیشیان دیاردە کرێت لە ڕێگای مۆدیلیك کە ناوی مۆدیلی بوجە یە حساب دە کرێت.

حساب کردنی خە رجیە کان لە دەزگای پە روە ردە ییە پیشە ییە کان جیاوازی لە نیوان  **خە رجی گشتی**  و **خە رجی صافی** و**بە رهە م** لە ساڵانی فێرکردن پیشان دە دات.

**خە رجی گشتی** ئە و خەرجیە یە کە قوتابی دە یکا بە بێ ڕەجاو کردنی  بەرهەمی .

**بە رهە م** : ئە و خەرجیانە کە ڕێگای کاری قوتابی کۆدەبێتەوە وە کو ئەو درووستکراوە  یان خزمەتگوزاری دە ستکرد.

دیارە کە بەرهەم لە بەشێك بۆ بەشێکی تر یاخود لە کارگەیەکەوە بۆ کارگەیەکی تر جیاوازە.

**خە رجی صافی**  دێتە کایە وە لە ڕێگای دەرکردنی بەرهە م لە خە رجی گشتی.

خە رجیە کان وە بکارهێنانی پە یمانگە ی یە کگرتووی فێرکردنی پیشە ییە کان لە 2007  دە کاتە ئە مە ی خوارە




وینەی ژمارە 3: خە رجی گشتی ، بە رهە م ، خە رجی صافی بۆ هە ر قوتا بیە کی پیشە یی لە ساڵێکدا بە یورۆ (بڕوانە: پە یمانگەی فیدرالی بۆ فێرکردنی پیشە ییە کان 2009 أ, لاپەڕە 10)

بە گوێرەی ئەم هێڵکارییە دیارە کە هە ر قوتابیە کی پیشە یی لە ئە ڵمانیا لە ساڵی 2007  کۆی **خە رجی گشتی** لە دەوری 15,288 یورویە. **بە رهە م** یاخود نرخی کاری قووتابی پیشە ییە کان 11,692 یورویە. لە ئەنجامدا دیار دەکەوێت کە **خە رجی صافی** 3,596 یورۆیە ، کە هەر کارگەیەکی فێرکردنی پیشە ییە کان بۆ هەر قوتابیە ك بە گشتی لە ساڵێکدا دەستی دەکەوێت . بڕیاردەری گەورە کە بنا غەی مۆدیلی خەرجیە بەم شێوە ی خوارەوە یە.

## 3.1 خه رجیه گشتییه كانی په روه رده ییه پیشه ییه كان

كۆی گشتی خەرجی كارگەیەك پێی دەوترێت خه رجی گشتی. ئه مه هه ر وه كو لەم هێلكارییەی خوارەوە دیار دەكه وێ ، دابه ش ئه بێت بۆ چوار به شی جیاواز:

- **خه رجی تایبەتی قوتابی** : موچه ی سالآ نه هه روه ها خزمه ت گوزارییەكانی یاسایی وه ته عریفی وسه ربه خویی
- **خه رجی مامۆستاكان:** موچه ی سالآنه ی مامۆستاكان وه خەرجیه لایه نیه كانیان له گه لٚ خه رجی بۆ ئاماده كردنی مامۆستای نوێ
- **خه رجی جێگا و كه لوپه ل** بو جێگای فێربوون له كارگا دا وه ده زگای فێركردن وه ده رس وتنه وه ی ناو كارگه
- **خه رجیه كانی تر** بۆ به ڕێوەبردنی پەروەردەییه پیشه ییه كان .




وینه ژماره 4 :به رزكردنی 2007 بو دابه شكردنی خه رجی گشتی له سه ر هه ر قوتابیه ك له سالێكدا له ڕووی خه رجیه جۆراوجۆره كان به یورۆ (بڕوانه: په یمانگای فیدرالی بۆ فێركردنی پیشه ییه كان 2009 أ, لاپه ڕه 3)

خه رجیه تایبەتییەكان مانای ئه وه یه موچه كانی فێركردن وه خزمه تگوزاریەكان له دوانه ی پەروەدەپیشەییه كان زۆر گرنگن بۆ بوجه.

به گوێرەی یاسا پـێویسته **هەر كارگه یەك موجه یه كی گونجاو** بۆ قوتا بیه كان بدات.

ئەمه وەكو یارمەتیدەرێكه بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێ پێویستی ژیانی ڕۆژانەی پێ پڕبكاتەوە له هه مان كاتیشدا وه كو موچەیەك بێت بو ئەو كارەی كه كردویەتی.

موجەدان بۆ ئەم كارگه فێركەرانه به گه ورەترین بڕی خەرجی دەژمێردرێن لەبەجێ هێنانی پەروەردەییه پیشه ییه كان. له زۆربەی لقه ئابوریه كان (خاوه ن كارگه كان و نه قا به كان) پێكد ین له سه ر ته عریفه ی موجه دان به قوتابیان له چوارچێوه ی گفتو گۆیه كان.

بۆ كارگه فێركه ره كان كه به ته عریفه به ستراوه ن ، وه ئه ندامی ده سته ی خاوه ن كارگه كانن ته عریفه كه ی كه له سه ری ڕێككه وتوون ئه بێ ڕابگیرێ. موجه ی كه م تر په سند ناكرێت به لآم زیاتر رێی پێی ده درێت.

به لآم له وكارگه یا نه ی كه به ته ریف نه به سترانه ته وه : ده توانن له به شی خویان ئه و ته عریفه كه له ناوچه كه یان باوه له سه دا 20 كه متر بده ن به قوتا بیه كان له گه لٚ ئه وه ش ئه م كارگانه موچه ته عریفی ئه ده ن به قوتابیه كان.

**له خه رجیه تایبه‌تییه‌كانی مامۆستایان** جیاوازی له نێوان مامۆستا سه‌ره‌كیه‌كان و مامۆستا كاتیه كان و مامۆستایانی ده‌ره‌وه‌ی په یمانگه كان ده كرێت.

**ئه‌ركی سه‌ره‌كی مامۆستا سه ره كیه‌كان** كه به شێوه یه‌كی هه‌میشه یی كاری مامۆستایی ده‌كه ن بریتییه له فێركردن ، ئه‌وانه‌ش له كارگه گه وره‌كان كار ده‌كه ن .

**مامۆستا كاتیه كان** كاری مامۆستایی له پاڵ كاری سه ره كی خۆیان ده كه ن له كارگه كاندا . زۆربه ی كاری مامۆستایان له كاتی دیاری كراوه یاخود له كاتی تایبه تیه.

خه رجی هەر قوتابیه ك ره چاو ده كرێت له وكاته ی كه مامۆستا به رهه می پێشكه ش كردبێت. كاته كانی كاری مامۆستا جاران ده كرێت له گەڵ موجه‌ی مامۆستاكان له‌و گروپه.

سه باره‌ت به **ده زگا و كه لو په ل** په یوه ندی به خه رجی ده زگاكان, ئامێره‌كان, كرێی خانوو, ئه و ژوورانه ی بۆ خوێندن به كاردێن له كارگاكا ن وه ئه‌و كه‌لو په‌لانه‌ی كه پێویستن بۆ مه شق كردنی قوتا بیه كان.

خه‌رجی تر وه‌ك داهاتی مانگانه‌ی ئه‌ندامان ، خه‌رجی ژووری بازرگانی و پیشه‌سازی، خه رجی به ڕێوه بردن، خه رجی بۆ هه لبژاردن وبه كار خستنی قوتابییه‌كان ، خه رجی بو جل و به رگی تا یبه تی كار.

### دابه شكردنی خه رجی گشتی




وێنه ژماره 5: دا به ش كردنی خه رجی گشتی (بڕوانه: په یمانگای یه كگرتوو بو فیركردنی پیشه یيه كان 2009 ب ، لاپه ڕه 9)

په یوه ندی خه رجی گشتی ، به رهه م و خه رجی صاڤ به شیوه ی سه ره کی به گه وره یی کارگه  ده به ستریّت ، جوراوجوّری به شه کانی فیّربوون وه پرسیاری ئایا په روه ده یيه پیشه يیه کان کارگایه کی فیّربوون بيهیّنیته پاڵه وه.

| | خه رجی گشتی | به رهه م | خه رجی صا ڤی |
|---|---|---|---|
| **کۆی گشتی** | 15.288 | 11.692 | 3.596 |
| **بله ی گه وره یی کارگه** | | | |
| کارمەند 9 - 1 | 13.199 | 10.732 | 2.468 |
| کارمەند 49 - 10 | 13.989 | 11.019 | 2.969 |
| کارمەند  499 - 50 | 15.414 | 12.615 | 2.799 |
| 500کارمەند وه زیا تر | 19.035 | 11.870 | 7.165 |
| **به شه کانی فیر بوون:** | | | |
| بیشه سازی وه بازرگانی | 16.739 | 12.133 | 4.607 |
| کاره ده ستیه کا ن | 13.334 | 10.820 | 2.513 |
| کشت و کاڵ | 12.100 | 11.138 | 962 |
| کاری ئا زاد | 12.958 | 12.691 | 268 |
| خزمه ت گوزاریه کان | 17.297 | 10.063 | 7.234 |
| **کارگه ی مه شقیه کان:** | | | |
| نەبوونی کارگه ی مه شقی | 14.564 | 12.419 | 2.145 |
| هەبوونی کارگه ی مه شقی | 20.063 | 6.890 | 13.174 |

لیستی 1: زیادبوونی خەرجی گشتی، بەرهەم وخەرجی صاڤی 2007 بۆ هەر فوتابیه ك له سا لیكدا به یورۆ (بروانه: په یما نگای فیدرالی بۆ فێرکردنی پیشه ییه کان 2009 ب,لاپه ره 15)

خه رجی صاڤی به توندی به گه وره یی کارگه به ستراوه. کارگه گه وره کان که ژماره ی کارمەندانی له 500 کارمەند به سه ره وه یه خه رجی صا ڤیان دوو هه نده ی  کارگاکانی تره. ئه مه به ستراوه به تايبه تی به خه رجی گشتی زۆری ئه م  کارگه یانه.

به رزترین خه رجی صاڤی له **خزمه ت گوزاريه کان** ده بیندرێ که 7.234 یۆرویه وه هه روه ها به رزترین خه رجی گشتیش ده بیندریّت وه له هه مان کات نزمترین به رهه م به دێ ئه کریّت.

فێرکردن له اختصاصی **پیشه سازی و بازرکانی** به رزترین خه رجی صاڤی هه یه که 4.607 یورویه، به ڵام لێره به رهه م 12.133 یورویه له زۆرترین به رهه مه کانه له کاری ئازاد. له **کاری ئازاد و کشتوکاڵ** خه رجی صاڤی که 268 یورۆ.  962 یورو که مترین برِی خەرجیه.

فێربوون له کارگای مه شق پێ کردن خه رجی به دواوه یه هه روه کو له وێنەکەدا دیاره. له کارگای مه شق پێ کردن سه دا 13 فێرکەرەکان تەنها کاری پراکتیکی ناکەن بەڵکو ڕێژەی 45 له سەدا یان لەتەك کاری فێربوونی پراکتیکی ئه چن بۆ قوتابخانه ی ناو کارگه.

### 3.2   سودەکانی فێرکردنی پیشەیی له کارگەکاندا

سودەکانی فێرکردنی پیشەیی بەرامبەر بەخەرجی گشتی به کارهێنانی فێربوون ڕادەوەستێ که دابەش دەکرێت بۆ سێ به ش:

**1- سود له ڕێگای قوتابیان**

**2- سود له ڕێگای مامۆستاوە**

**3- سود له ڕێگای فێرکردنەوە.**

یه كه میان كه له ڕێگای قوتابیان به شداری ده كات , كارگه به شێوەیەكی ڕاستەوخۆ سود له كاركردن و به رهه می قوتابیان وه رده گرێت.

ئه م به كارهینانه پێده وترێت به رهه م ، خه رجییه كانی كارگه ده هێنێته خواره وه لەبەر ئەمە وەكو بەرهەمی فیركردن له خەرجی گشتی دەهیندرێته خواره وه.

خه رجی صافی فیركردن لەئەنجامی خەرجی گشتی وه بەرهەم.

ئەو بەرهەمەی كه قوتابیه كان له ڕێگای كاركردن بەرهەمی دەهێنن پێی دەوترێت **(پرنسیبی ئه كوی فالینس)**

لێرەدا كۆنترۆڵی خەرجیەكانی كارگه دەكرێ,ئەگەر بەڕێوەبردنی له لایەن كەسێكی ئاساییەوه بەڕێوه چوو.

**دووەم- سود له ڕێگای مامۆستاوه** , به كارهێنانی ئەومامۆستایانه ی كه له كارگه كه مه شقیان پێ كراون.

لیره ئه م خه رجیا نه ره جاو ده كرێن كه بۆ دابین كردنی مامۆستا وه یاخود خه رجیه كانی دامه زراندی مامۆستای نه ناسراوی خراپ .ئه م خه رجیانه ده تواندرێت لا بردرێت له ڕێگای دامه زراندنی ئه م قوتابیانه ی كه له كارگه فێركراون.

**سییەم – ئەمە سودی سەرەكییە كه بەهۆیەوە كارگەكان مەشق به قوتابی دەكەن** .

مه شق پێ كردنی قوتابیان زۆر به نرخ ده قرسی لای مه عمیله كانی كارگا. به شداربوون له مه شق پێكردنی دوانه له زیانی ئابووری داوه له ناو خەڵكیدا به باشی دێته به ر چاو وه ناوبانگی باش په یدا ده كا ت به رامبه ر به پێشبڕگه.

به رچاوخستنی به كارهێنان به م شیوه یه ده بیندرێت



وینه ژماره 6 سودەکانی فێرکردن (بڕوانه: په یمانگای فیدرالی بۆ په روه رده پیشه ییه کا ن 2009 ب لابه ره 9)

**لیرەدا به گشتی دەچه سپێندری که پەروەردە پیەپیشه کان بۆ کارگاکان به که ڵکن** ، هەروەها دیاره که پەیوه ندی نێوان سود و خه رجی زۆر باشه. له سه دا 60 کا رگاکانی که لێیان پرسراوە دەربارەی په یوەندی خه رجی و سود ڕازین (بڕوانه: ڕاپورتی په یمانگای فید رالی بۆ په روه رده پیشه ییه کان 2009 ب لاپه ره 18).

هەروەها هێزی به رهەم هێنانی سیستەمی دوانه بو ئامادەکردنی پێوستی کارگاکان له کارمەندی پسپور باش ده بیندرێت.

## 4- تێچون و خه رجی مه شقکردن

> له ئەنجامدا دەتوانن:
> • ڕوونکردنەوەی جۆره جیاجیاکانی خه رجی  بۆ مه شقی پسبوری و دیاریکردنی له جێگای گشتی و تایبه تیه کان
> • بڕیاردان لەسەر ئەوەی که ئایا بۆچی تێچون و خه رجی مه شقی پسپوری جیاوازه خۆی پەروەردە پیشەییەکان
> • ڕوونکردنەوەی مودێلیکی خەرجی به یه ك به ستراو بو فێربوونی هەتاهەتایی وه بەستنەوەی به پەرەسەندن و بناغەی له چه ند وڵاتیك .

**تێچون و خەرجی مه شقی پسپوری شێوەی جۆراوجۆر پیشان ئەدات له پەروەردە پیه پیشەییەکان**

ئەم بەشانه که سەربه پەروەردە پیه پیشەییەکانن وەکو مه شقی پسپوری, **چونه قوتا بخانه و فێربوون له کاتی کاردا.** جیاوازن له بەشەکانی تری سیستەمی فێربوون لەم ڕوانەوە :

• له پێش کەش کردنی گشتی (پلورالیزم)
• له پێش کەش کردنی ئابووری بازار
• ڕۆڵی دەوڵەت.

ئه مه مانای ئەوەیه که خەرجی مه شقی پسپوری له ئه ڵما نیا باش سەرو بەری بۆ نه کراوه.

هه ر له ناوه نده کانی ساڵانی 1990 گفتوگۆ لەسەر خەرجی نوێ کردنه وه ی  مه شقی پسپۆری ده کرا ، که ڕەچاوی فێربوون بۆ هەتا هەتایی دەکات.

له لیکولینەوەکاندا هەروەکو له سیاسەتی فیربوون مشت و مڕ لەسەر خەرجی داهاتووی مەشقی پسپوری برسیاری سه ر به جۆرایه تی (کوالیتی) ، جۆرایه تی لەگەڵ خزمه ت گوزاریه کان به شێکن له مه شقی پسپۆری.

لەگەڵ بیرۆکه جۆرەکانی بوجەی مه شقی پسپورێ ، داواکردنی خوێندن بۆ هەتاهەتایی دەبێت بەڕاستی برسیاری وەکو خەرجی مه شقی پسپۆری و دابه ش کردنی له نێوان خاوه ن کارگه یان کارمەند یان ده وڵەت لەگەڵ بناغه یاساییه کان وه بەرێوەبردنی باش دێنه بەر چاو.

### 4.1 تێچونی مه شقی پسپوری و کا ت

ئەو سیستەمەی ئیستا بۆ مەشقی پسپوری له ڕێگای چەند بوجەیەکی جۆراو جۆرەوە دیاری کراوە.

(بڕوانه: ناکل / جایخ 2004 لاپه ره 235):

-بوجەی ڕەسمی که له ڕێگای بەرێوەبەرایەتی دۆزینەوە و تەرخان کردنی کار, دەوڵەت سەربەرشتی دەکات

• کارگاکان که مەشقی پسپۆری پێش کەش دەکه ن بەشداری له بەشێکی بوجه دەکه ن یاخود کا رمەندەکان دادەمه زرێنن

• بەهۆی زیادبوون ڕێژەی قوتابییان و کارمەندان که پێویستیان به مه شقی پسپۆری هه یه, خاوەن کارگەکان خۆیان بوجەکه دابین دەکەن.

به کا رهێنانی بوجەی رەسمی به زۆری له ڕێگای دەزگا حکومییەکانەوە دەبێت. لێره بەزۆری له ڕێی پاڵپشتی کردن له ڕووی بوجه بۆ قوتابخانەی فێرکردن به ناوی ( فولکس هۆخ شوله) لەگەڵ چەند دەزگایەکی مه شق پێکردنی پسپۆری تر.

به کارهێنانی بەرێوەبەرایەتی دۆزینەوە و تەرخان کردنی کار پێویسته بدرێن به دەزگا پەروەرده يیه پیشەییه تایبەتیەکان یاخود دەزگا پەروەرده يیه پیشەییه رەسمیەکان. له پال خەرجی ئەم بروژانه, خه رجی بۆ ژیانی قوتابیان دابین ده کرێت.

له مه زیاتر به شداری له بوجه ی کراوه له میزانه ی ده وڵه ت ره جاو ده کریت ، که پێکهاتوه له و بودجه ی که ده وڵه ت وه ری ده گرێت:

- **پێوەری مه شقی پسپۆری قازا نجی کارگه کەم دەکا تەوە**
- **چا لاکیەکانی مەشقی پسپۆری تاکەکەس لەبوجه یان که م ئه کاته وه** چونکه دەتواندرێ له ڕێگای **پێوەری مه شقی پسپۆری** کارکردن وه کو خەرجی ڕیکلامی بێ سنوور ، له فێربون ، به ڵام نابێ خەرجی تا یبەتی له بودجه بهێنته خوار.

به کار هێنانی ئابوری تایبه تی له مەشقی پسپوری **تێچونی ڕاستەوخۆ و تێچونی ناڕاستەوخۆ** دەگرێتەوە.

مەبەست له **تێچونی ڕاستەوخۆ** ئەو خەرجی ڕێکخستن و موچه ی کارمەندانه که مه شقی پسپوری ئەنجام دەدەن.

**تێچونی ناڕاستەوخۆ** لێره خەرجی ئەو کارمەندانەی که به بێ کار له ناو کارگه دەخرێنه بەرچاو.

**مه شقی پسپوری له کاتی کارکردندا یاخود له دەرەوەی کاری کارکردن ئه نجام دەدرێت** بەم شیوەیه کاریگەری دەکاته سەر **کاتی کارگه یاخود کاتی ئیشکردنی کارمەند.**

زیاد کردنی کاتی مه شقی پسپوری کار ده کاته سه ر سیاسه تی دابه شکردن ، ئه وه ی کات بۆ مه شقی پسپوری زیاتر دابین بکات دەبێت خەرجی زیاتریش بدات. ئەگەر مه شقی پسپوری له دەرەوەی کاتی کارکردنی کارگه بێت، ده بێت کات بۆ کار و خێزان و کۆمه ڵایه تی کەم بکرێته وه. ئەمه به ستراوه به جۆری ژیان وجوری موچەوە.

**مه شقی پسپوری له دەرەوەی کاتی کارگا** ئه بێت به ئه رکێکی گران بەتایبه تی بۆ ئەو کەسانەی که ئەرکی خێزانی زۆریان هه بێت (بڕوانە: دین بو ستل 2008 لا به ڕه 150ف) له پلەی یەکه م کارمەندی ئافرەت وه ئەو کا رمەندانەی که موچەکەیان کەمه .

ئه گەر زۆربەی کاتی مەشقه پسپوریه کان بخرێته کاتی کا رکردنی کارگەکان ئەوا خه رجی کارگه زیاد ده بێت و کاتی کارکردنی کارمەندان له کارگه کەم دەبێته وه .

**له ڕاستی کارگەکاندا دەردەکه وێت که پێگه یشتنەکانی کارگەکان وه گرێبەستی ته عریفی بەیەکه وه مودیلی تێکه ڵاو به کار ده هێنن** ، که تیایدا کارمەند و کارگه بەیەکەوە خەرجی مەشقی پسپوری دەگرنه ئه ستۆ.

## 4.2 مۆدێلی بوجه بۆ فێربوونی هەتاهەتای

له ساڵی 2001 حکومەتی ئه ڵمانیا داوای له لیژنەی کۆمسیۆنی پسپۆرەکان کرد که پلانێك بۆ بودجەی ستراتیژی ، **بودجه بۆ فێربوونی هەتاهەتای** بخەنەڕوو، ئەمەش گرنگی و پێویستی ئەم پلانەی چه سپاند. ئەم پلانه دەبێت یارمەتیدەر بێت **بۆ ئامادەیی فێرکردنی هه موو گروپەکانی کۆمەڵگا هه تا بتواندرێ به شداری له پێش کەش کردنی فێربوون و هه روه ها کردنەوه ی دەرگای هاوبه شی بۆ کۆمەڵگا** (بڕوانه: کۆمسیونی پسپۆران بۆ بودجەی فیربوونی هەتاهەتای 2004 لاپه ڕه 9ف).

پێشنیاره کان بۆ گۆڕانی بناغەی سیسته می بودجه ئیستا سێ مودیل پیش که ش کراوه

- به رپرسیارییەتی تاکەکەس
- حسابی فێربوون و *گوتشاین* ( کارتیکه له جێگای پاره) فێربوون هەتا
- پشتگیریکردن له سیستەمی فۆند ( صندوقی خەرج).

له بیرکردنه وەی یەکەمی لیژنه ی کۆمسیونی پسپۆران ئەوه به دیار دەکه وێت که **بوجه یه کی پێکەوەلکاو له دەوڵه ت و خاوەن کارگەکان و قوتابیان به باش دەزانی.**

واته ئەم لیژنه پسپۆریه پێشنیاری تیکه ڵاوی بەرپرسیارێتی تایبەتی و حکومی بەباش ده بینێت. به رپرسیارییەتی تاکەکەس بۆ فێربوون به رهەمێکی سه رکه وتوی پرۆسه ی فێربونه.

سەرکەوتنی ئابوری کارگەکان زیاتر بە ستراوەتەوە بە پسپوری کارمەندەکان ، هەربۆیە پێویستە کارگەکان لە بواری پەروەردە پیشەییەکان بە بە شی زورتر لە بوجە بە شداری بکە ن.

بە ڵام بە شێك لەو بەرپرسیارێتیە لە دەست دەوڵەتدا دەمینێتەوە، ئەمەش دەبێت ببێتە هۆی گە ڕانەوە ی دەرگای فێربوون بە بەردەوامی بۆ هە مووان.

لە خوارە وە پێشنیارەکانی لیژنە لەشەش خاڵدا بە کورتی دەخەینە بە رچاو.

**(1) یاسای گشتی**

کۆمسیونی پسپۆران پێشنیار دە کات هە موو یاساکان کە پە یوە ندیان بە فێربوونی پسپۆری هە یە لە یاسایە ك بە ناوی یاسای بە رەو پێشبردنی فیربوون کۆ بکرێنە وە. لە بە ر پێوستی بوون بۆ گۆرانی دە ستوری ئە م خاڵە پێویستی بە ماوەی درێژ هە یە بو ئە نجام دانی.

شێوەی ماوەکورت رێکخستنی نوێی بوجەی پەرەپێدانی فێربوون بۆ بەتەمەنەکان, کۆمسیۆنی پسپۆران بیشنیار دەکات کە گۆڕانکاری لە سە ر یاسایە ك بۆ پەرە پێدانی فێربوونی بەتەمەنەکان کە ئێستا هەیە بکرێت. ئەمە ئەبێتە هۆی زیادبوونی بەشداری بەتەمەنەکان لە قوتابخانەکان و مە شقی فێربوون وە مە شقی پیشە یی.

ئە وانەی کە دەتواندرێت پەرەیان پێ بدرێت ئە وانەن وەکو (کۆمسێونی پسپۆران بودجەی فێربوون لە هەموو ژیاندا 2004 لا بە رە 215):

- بڕوانامەی ئامادە یی پلە ی 2
- بڕوانامەی پیشەیی لە دەرەوەی فێربوونی دوانە و خواستی خوێندنی باڵا
- پێوەرەکانی حکومی و یاسایی کە بەندن بە بڕوانامەی مەشق کردن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم پەرە پێدانانە ئەبێت چەند مەرجێکی تایبەتی هەبێت. وەکو مەرجی تەمەن کە سنووری بۆ دا نراوە هە روە ها چە ند مە رجێك بۆ یارمە تی پارە پێدان یا خود قە رز پێدان. لە لایە کی ترە وە پاڵێوەنان بۆ بە دە ست هێنانی سە رکە وتن بە پلە ی بە رز لە رێگای پارە پێدانەوە.

(2) پارە پێدانی (یارمە تی) بنە ڕە تی بۆ فێربوونی پسپوری (تە واوکاری)

پشتیوانیکردنی فێربوون لە یا سای نوێدا پێویستە ئامادە بێت بۆ پێشکە شکردنی ژێرخانە ی بۆ قوتابیانی گەنج . یارمە تی مادی (بووجە) لە لایە ن دەوڵەت ، شارە وانی وە دام ودە زگاکانی فێربوونەوە دەبێت.

لە پێناوی بە کارهێنانی هە موو شێوازێکی پشتیوانی ماددی پێوستە هەروەها پێشکە وتنی پێوانە کان لە چوارچێوە ی سنووری ولایە تە کان ، لە پێناوی مسۆگە رکردنی خە رجێکان.

وە ئەو کەسانەی کە پشتیوانیان لێ کرا بە گوێرەی یاسای پشتیوانی ماددی بۆ گەنجان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ فێربوون بە خۆڕایی تاکو بڕوانامەی دەرچوون لە قوتابخانە یان خوێندنی باڵا وە ردەگرن.

ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتی ئامۆژگاری دە کات بۆ دانانی چەند مەرجێکی یەك بوون لە چوارچێوە ی هە موو پارێزگاکانی ئە ڵمانیا. (ڕوون وئاشکرای مە رجە کان ، بەخشینی بڕوانامە ,شیاندنی دە زگاکان ، پرۆگرام و لێهاتووی)

(3) کۆکردنە وە بۆ مە بە ستی فێربوون :

چە ند شێوازێك هە یە بۆ پشتیوانی فێربوون و خویندن لە ڕێگای خە رجییەکانی حکومە ت (بە شێوە ی پاداشت و خە ڵات و ڕۆژانە ی زیادە) لە بە ر ئەوە پێشنیاری لیژنە ی شارەزا (لیژنە ی پسپۆران) ، وە دانانی یاسای پارە پێدانی بۆ فێربوون و پشتوانی و هاندانی فێر بوون.

لە ڕێگای پشتیوانی و پاڵپشتی حکومە تە وە دەتوانرێ یارمەتی ئەو کەسانە بکرێ کە خاوەن دەرامە تی کەمن.

(٤) فێربوون و ڕاهێنان لە کارگەدا

بۆ فێربوونی پیشە یی لە کارگە کان لیژنە ی شارە زای (پسپۆرە کان) پێشنیاری دابە شکردنی تێچونەکان لە نێوان کارگەکان و کارمەندەکان کردووە. یاخود کاتێ فێربوونی پیشە یی ببێتە هۆی چاککردنی ئاستی کارمەندەکە.

جیٚ بە جیٚکردنی ئەو شتە بە بەکارهیٚنانی (کۆنتۆی تایبە ت بۆ فیٚربوونی پیشە یی) لە شیٚوازی هاوبە شانی کۆمە ڵایە تی ، وە لە سە ر دە وڵە تە بە چاککردنی مەرجە کان بە مەبە ستی دانووستان بۆ پیٚناسە ی (ڕیٚکە وتنی پیٚناسە یی)

(5) **پشتیوانی کروپە تایبەتەکان :**

گروپە تایبە تەکان ئە مانەن : ئەو کە سانە ی شارە زایی و شیاندنی کە من ، کریٚکارانی نە خویٚندە وار ، بیٚ کارە کان ، کۆچبەران ، کەسانی تەمەن گە ورە . ئە م گروپانە لە ڕابردوودا بایە خیان پیٚ نەدراوە و پشتگوٚیٚ خراون لە فیٚربووندا.

بە پشتیوانی ئە وانە ی کە شیاندن نین پیٚویستە بە شیٚوە ی ئاسان و ڕوون بیٚت. لە ڕیٚگای پیٚشکەش خوولە کانی شیاندن بە شیٚوازی جۆراوجۆر ، کە وا نە ك تە نیا پیٚش کە شکردنی خوولە کانی شیاندن بۆ کاتی سنووردار بیٚت.

**(٦) سیستە می باج و کۆنتۆی(حسابی) تایبە تی فیٚربوون**

لە بەر زیاد بوونی مانای فیٚربوون هەتاهەتایی بە شیٚوەیەکی بەردەوام لیژنەی شارە زایان داوای دان پیٚدان بە یاسای باج بۆ خەرجیەکان و پیٚدە ویستە کانی فیٚربوونی پیشە یی.

بۆ گە نجە کان پیٚویستە ئە و پارانە ی کە خە رجیان کردووە لە پیٚناوی فیٚربوون بۆیان بگە ڕیٚتە وەکو خە رجی ریکلام (نووسینە کانی داواکاری کاربوون) بە مە رجیٚك باوەڕپیٚکراو بیٚت لە لایە ن دە زگای فیٚربوونە وە.

هە ر وە ها لەگەڵ پیٚشنیارەکانی لیژنەی شارەزا گریٚبەستی کارگە و باجە کان پیٚویستە ئە وە لە خۆ بگریٚت بە کارهیٚنانی ئامیٚرە کان بۆ مە بە ستی فیٚربوون و بە کارهیٚنانی ڕیٚکوپیٚك بۆ بیرکاری و لیٚکدانە وە.

ئە م لیستە ی خوارە وە (ژمارە ٣) گرنگترین ڕاسپاردەکان لە خۆ دەگریٚ کە لیژنە ی شارە زا پیٚشنیاری کردووە وهە روە ها باسی لە باشی و خراپە کان دە کات.

| راسپاردە کان | سودەکان | کەم و کورتییەکان |
|---|---|---|
| 1) یاسای یە کبوون | ڕوون و ئاشکرایە (شفافیە ت)<br>تیٚگە یشتووە لە لایە ن هاولاتیان | ئە گە رەکانی زیاتر بۆ خە رج کردن<br>• ئە ستە م دە بیٚت (لە ژیٚر دە ست) |
| 2) پارەپیٚدان بۆ فیٚربوونی پیشەیی– پارە پیٚدانی هاوبەش | کە م کردنی خە رجییەکانی تاکە کەس | • ئە گە ری ڕوودانی ململانیٚ لە نیٚوان دە وڵە ت و کە سانی فیٚربوون<br>• ئاراستە ی نمایشە کان<br>• ئاراستە ی گە یاندن بۆ گروپە کان کە دوورن لە فیٚربوون و پیٚویستی بە فیٚربوون دە کە ن<br>تیٚچونی کارگیٚری بە رز<br>• هەوڵ و تیٚکۆشانی گەورە بۆ مسۆگە رکردنی جۆرایە تی |

| | | |
|---|---|---|
| 3) کۆکردنه وه - کۆنتۆکان | که م کردنی تێچونی تاکی<br>• بەهێزبوون وهاندری به رپرسیارێتی تاکه کەس (فه ردی)<br>• سیسته می سەرنج ڕاکێشان<br>• نەرمی له کاته کانی کار ، هەبوونی کاتی بەتاڵ و کاتی فێربوون | ئه سته می گه یاندنی بۆ ئه و گروپانه ی که وا زۆر دوورن له پێداکردنی زانستی<br>• بوونی مەترسی له ئه گه ری به کارهێنانی هەڵه |
| ٤) ڕاهێنانی پیشه یی له کارگه کاندا - یاسای مافی گەڕانه وه بۆ کار | چاککردنی پەیوەندی کارکردن<br>• پشتیوانی کارگه بچووك و ناوه ندەکان<br>• نه رمی له : کاته کانی کار هەبوونی کاتی بەتاڵ و کاتی فێربوون | ئاراسته کردنی تاکەکەس<br>• بایه خ نه دان به بێ کاره کان<br>چاره سه ری تاکی زۆر<br>هه وڵدانی زۆر بۆ مسۆگه ر کردنی جۆرایه تی<br>چەند بەشێکی دیاریکراوی پێ باشه |
| 5) پشتیوانی گروپه کانی تایبەتی (ئەوانەی توانایان کەمه، کۆچبەران، پەنابه ران) | تێکه ڵبوونی باشتر (ئیندماج)<br>• گه یاندنی ئاراسته ی ڕاسته وخۆ | بنیاتنانی هاندان ئه ستەمه<br>• که م بوون له کۆنترول کردن<br>خه رجی ئیداری گه وره |
| 6) سیسته می باجی ، فیربوونی به رده وام (هه موو ژیانی) | سیسته می باجی ئاسان | تێچونی به رزن |

لیستی ژماره ٣ : پێشنیازه کانی لیژنه ی شاره زا

**له جیاتی سیسته می پاره پێدان** بۆ فێربوونی پیشه یی پیویسته له خه زنه ی پاره پێدان ، **یان سنووقی به شه کانی تایبه تی** و کارگێڕی یان له لایه ن هاوبه شانی کۆمه لایه تێکان و بەمەرجەکانی یاسای ، وه پشتیوانی و پارەی پێ بدرێت له لایه ن حکومه تی یه کگرتوو و حکومه کانی ناوخۆ.

سنووقی به شه کان ئاسانکاری ده کات بۆ به رپرسایه تی وبڕیاره کانی سه ندیکه کان وخاوه ن کارەکان ،سودەکانی بریتیه له:

**بایەخدان به کارمەند و کارگه.** ئەوه جولانه وەیه ئاسانەوه تێچونێکی کەمی تێدەچێت ، ئاسانکاری ده کات بۆ به کارهێنانی یه کسانی.

ئه م پاره پێدانه (پاره پێدان له لایه ن سنووقس دراو) سەرجەم تێچونەکان پێشکه ش ده کات به پاره پێدانی فراوان بۆ به رزکردنی ئاستی ژمارەی به شداربووان له فێربوونی پیشه یی.

وه سودێکی تری ئەم مۆدێله ئەوەیه که دەکرێ کورسی خوێندن بۆ فێربوونی پیشه یی بەدەست بهێنرێ له کاتێکدا بازار کز بێ (باری بازار باش نه بێت)، سه ره ڕای ئه وه له وانه یه کاریگه ر بێت له سه ر چاکی و جۆرایه تی فیربوونی پیشه یی.

Baumann, Th./ Schönfeld, G./ Wenzelmann, F. (2007): Neue Erhebung zu betrieblichen Ausbildungskosten und Bildungsbudget. In: Wirtschaft und Statistik 3/2010, S. 264-274, hrsg. vom Statistischen Bundesamt, Wiesbaden 2010

Bundesinstitut für Berufsbildung (BIBB) (Hrsg.) (2009a): Betrieblich Berufsausbildung: Eine lohnende Investition für die Betrieb. BIBB Report 3 (2009) 8, Bonn

Bundesinstitut für Berufsbildung (BIBB) (Hrsg.) (2009b): Kosten und Nutzen der betrieblichen Berufsausbildung. Abschlussbericht, Forschungsprojekt 2.1.203- Bonn

Dehnbostel, P. (2008): Berufliche Weiterbildung. Grundlagen aus arbeitnehmerorientierter Sicht

Expertenkommission Finanzierung lebenslangen Lernens (2004): Der Weg in die Zukunft, Schlussbericht. Bielefeld

Nagel, B./Jaich, R. (2004): Bildungsfinanzierung in Deutschland. Analyse und Gestaltungsvorschläge. Zweite, überarbeitete Auflage. Baden-Baden

Weiß, R. (2000): Wettbewerbsfaktor Weiterbildung. Ergebnisse der Weiterbildungserhebung der Wirtschaft. Beiträge zur Gesellschaft- und Bildungspolitik. Köln

## شه راكه تی كومه ڵایه تی له خويندنی پيشه يی دا

## شه راكه تی ستراتیژی

## يه كگرتنی ده زگاكانی خويندنی پيشه يی لەگەل ئابووری ناوخۆ

نووسه ر: رينيه كريبرينگ

### 1. پيشه كی

بناغه ی سیستە می پە روە ردە یی ئە بیتە هۆکاری دروستکردن و پێکهێنانی و پێشکە وتنی گرووپی
کومە ڵایە تی و کومە ڵ بە گشتی.

له لايه كه وا ده زگا حكومێكان وه كو نوێنه ری كومه لگای ئه و وولاته به رپرسیارێتی پێشكه وتنی وولاتەكەی له ئەستۆ دایه.
تاكەكانی كومەڵ بایەخی پێشكەوتنی خۆیان هەیە لە چوارچێوەی كۆمەڵگا و ئابووریه وه.
له سیستە می ئابوری ئه وانه به شیوه ی خاوه ن کار و کریکار ده ناسرێن. به و جۆره هه ردووكیان گرووپێكی گه وره ی کۆمه لگا دا
ئه مه زرێنن. خاوه نی كار له دام وده زگاكان ، كريكارانيش له سەندیكاكان (نه قابه كان).
له به ر چاو گرتنی ئه و سێ گرووپه گه وره يه بۆ سیستە می پە روە ردە و كۆمه لگا له سیستە مه دیموكراسێكان كاريگه ری باشی هه
يه بۆ ئاسایشی کۆمه ڵایه تی وپێشكه وتنی کۆمه لگا.
پێكەینانی تە واوی نێوان ئە و دوو سیستە مە (سیستە می پە روە ردە وسیستە می کارکردن) پرۆسە یە کی
زە حمە ت و قوورسە وکار لە سە ر هە موو وولاتێك ئە کات. پێشكه وتنی ئابووری هه ر وولا تێك
پشت بە ستە بە ئەو پرۆسە یە کە باسکرا .
سیستە می خوێندنی پیشە یی ئە رکی دروستکردن و ئامادە کردنی خە لکی شارە زا و پسپۆری داواکراو (پراکتیك) لە سە ر شانە ،
لە هە مان کاتیش دا ئە و سیستە مە خوێندنە پیشە ییە دە بێت لە ڕێگە ی پێویستی خە ڵکانی پسپۆر وشارە زا ئایندە دا بێت تاکو
تواناکانی ئابووری گارانتی (تە ئمین) بکرێت.

فۆناغێكی گرنگ بۆ پێكەینان نێوان سیستە می پە روە ردە یی وکارکردن بریتیە لە: درووستکردنی مۆدێلی شەراكەت (هاوبە شی) و
یە کگرتنی گرووپە کۆمە ڵایە تێکان ، بە تایبە تی یە کگرتنی کار گە کان و لقە کانی لە نێوان خوێندنی پیشە ییە وە بۆ
درووستکردنی هاوتا و هاوسە نگی وپێشکە وتنی نێوان فێرکردنی پیشە یی.
لە و کاتە دا دە ولە ت مە رجە کانی ئە و جۆرە هاوکاریانە ئە دات. ئە رکی دە زگاکانی خوێندنی پیشە یی
ئە ویە کە ئە و هاوکاری لە نێوان دە زگاکانی خوێندنی پیشە یی و کارگە کان وە کو هاوبە شێکی کۆمە لگا بە شێوە یکی
چرِ وچالاك پێكبهێنێت.
ئامانجی ئە م بڵاو کراوە یە ئە وە یە ك تێڕوانین لە سە ر تیۆری هاوبە شی کومە ڵایە تی ڕوون

بکەینە وە لە هە مان کاتیشدا دە رباره ی جۆره کانی هاوبه شێکردن بۆ زانینی چه ند توانایيەك بۆ پێکهێنانی هاوبه شی کومه ڵایه تی.

بەتایبەتی هاوبەشی فێرکردن نێوان قوتابخانەکان و کارگەکان هاوبه شییەکی زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی هاوبەشی کومه ڵایه تی ، ئه و جۆره هاوبه شییه له م بلاَو کراوه یەدا (نووسراوەیەدا) به شێوه یه کی چڕ باس دەکرێ.

لەگەڵ ئەممەشدا ئه زموونی پراکتیکی زانیاری په روه رده یی له ئه لمانیا به شێوەیەکی ڕوون وئاشکرا باس ئەکەین.

سه بارت به خستنه کاری ئەم هاوبه شییه (شه راکەته) په روه رده ییه  ده بێت پلانێکی جێگر به کار بهینرێت. له و بواره وه  ده توانرێت ببێته  بنه ڕه تێك بۆ پێکهێنانی ئه و شه راکه ته په روه ردییه له چوارچێوه ی په یوه ندێکانی نێوان قوتابخانه پیشه ییکان و کارگه کان.

## 2. ڒۆڵی شه را که تی کۆمه ڵا یه تی

ئامانجی فێر کردن:

- هەبوونی زانیاری دەربارەی شه ریکی کۆمە ڵایەتی و ئەرکەکەکانی
- کار پێکردنی گۆڕانکاری نێوان شه ریکه کۆمه ڵایەتیەکان
- تێگەیشتنی واتای هاوکاری نێوان شه ریکەکان

هاوسه نگی (بالانسی) نێوان چینەکانی کۆمەڵ وبەرژەوندیەکانی گرووپە نێودەوڵەتیەکان

ده توانرێت خۆشی وپێشکه وتن ته ئمین و د ڵنیایی بکات. بۆ چوونی یەك لایی گرووپێك یان گوێ نەدانی

 ئه رکه کانی گرووپێکی تر بەره و دواخستنی و دواکه وتنی دامودە زگاکانی حکومی وه کو قوتابخانه ئه بات.

ئامادە کردنی هێزی کرێکار پسپۆر بۆ کارگه کان و کۆمپانیاکان بەرژەوەندییەکی کومەڵایەتیە.

ئامادە کردنی په روه رده ی فێر کردن بۆ قوتابیان بەرژەوەندییەکی کومەڵایەتیە.

له ڒێگای قوتابخانه وه هه میشه له به رژه وه ندی کومه ڵایه تیه و به رهه م به ده ست هێنانێکه بۆ کۆمه ڵ.

له سیسته می کار کردن ئه و دوو هاوبه شه کومه ڵایه تیه (خاوه نی کار و کرێکار) که له داهاتوودا  پێك دێن

له و کاته دا بۆمان ڕوون ده بێتەوه  که وا په روه رده ی  پیشەیی له پاڵ سیاسه تی گشتی وهه ر وه ها

 له گه ڵ پەیوەندیەکانی نێوان دوو هاوبه شه کومه ڵایه تیکه پێکه وه ده به سترێن.




وێنە ی 1: هێڵکاری ئاسان نێوان هە ردوو هاوبە شە کۆمە ڵایە تێکە (خاوە نی کار و کرێکار)

ئە رکی قوتابخانە کان بریتییە لە لە بە ر چاو گرتنی بەرژە وە ندی گشتی کۆمە ڵگا و بەرژەوەندی سیستە می خوێندنی پیشەسازی (قوتابیان).
سیستە می فێر کردنی پیشە یی لە ئە ڵمانیا مێژوویکی کۆنی هە یە وبە شێکی گرینگە لە سیستە می خوێندن بە شێوە ییکی گشتی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری کار ناکاتە سە ری.

بناغەی بنە ڕە تی ڕێکخستنی بڵاو لە سیستە می خوێندنی پیشە یی لە ئە ڵمانیا جیاوازی زۆر هەیە
بە راورد لە گە ڵ وڵاتانی تر دا کە سیستە می خوێندنی پیشە ییان کە مترە لە ئە ڵمانیا.
هێنانی پیشە ی نوێ و باوە ڕ پێکراو بۆ ئەڵمانیا پرۆسە ییکی دوور و درێژە. لە ڕێگای پە یوە ندیکردنی هە ردوو هاوبە شانی کۆمەڵگا (خاوە نی کار و کرێکار) ناو ئە م پرۆسە یە دە توانن دڵنیا ببین کە وا خوێندنی پیشەیی مەبەستی نیە بۆ کاتێکی کە م کار بکات بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە ی کە بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ بەردەوام بێت . ئەو بناغە یە ئە بێتە هۆی هێزی کرێکاران و بەدیهێنانی ئامانجە کانیان لە بواری ئابوورییە . لە هە مان کاتدا خوێندنی پیشەیی پراکتیکی ئابووری هەیە هەر چەند ئەوە تایبە تمەندی خۆی هە یە وە کو بە شێك لە سیستە می خوێندن. ئە و شتە خزمە تی نزیکبوونە وە بۆ ئە نجامدانی پێوستە کان وەهە ڵی ئیشکردن بۆ قوتابیان وبە و شێوە یە ئاسانکاری ئە کات بۆ ئە نجامدانی ئیشی تایبە ت.
ئە و تێکە ڵبوونە ی نێوان خوێندنی پیشە یی و پراکتیکی پیشە یی (عە مە لی) لە سیستە می خوێندنی پیشە یی ئە ڵمانیا بە (سیستە می دووانە) ناسراوە. بۆ ڕێکخستنی سیستەمی دارایی و سیستەمی فێربوون پێویستە دامو دەزگاکانی دەوڵەت و دارایی وجێ بە جێکردن و کۆنتنڕۆڵی ئەو سیستەمە بکەن. جگە لەوانیش دامودە زگا حکومییەکان و نوێنە رانی هاوبەشە کومە ڵایە تێکانیش بە شداری تیا ئە کە ن.
وڵات ئە رکی پێکهێنانی مە رجە یاساییکانی هە یە و لە هە مان کاتدا کاری لە سە ر قوتابخانە پیشە ییکان و کارە کانیان هە یە.
کارگە کان و دامو دە زگا ئیدارێکانی کە ئابووری سەربەخۆیان هەیە لە گە ڵ قوتابخانە کان پێکە وە لە هە موو جۆرە کارە کانیان ولە هە مان کاتدا بە رپرسن لە ئە نجامدانی تاقیکردنە وە کان کە لە قوتابخانەکاندا.

ئاشکرایە لە ئە ڵمانیا پە یوندە کانی ئابووری و پیشە سازی کاریگە ری زۆری هەیە لەسەر کۆمپانیاکان. بۆ نمونە ئەگەر سەندیکاکان ئامادە بن بۆ خرج کردنی ئە و پارەیە کە پێویستە بۆ فێربوونی پیشە یی ئە وا ژمارە ی قوتابیان لە بواری خوێندنی پیشەیی بەرز دەبنەوە.

لە هە مان کاتدا پسپۆران لە بواری خوێندنی پیشە یی کە پارە ی زۆری دە ست بە رز دە بنە وە و ژمارە یان زیاتر ئە بێت. بە تێکە ڵبوونی تە کنۆلۆژیای نوێ وە پێشکە وتنی ئابووری ، پێویستمان بە تایبە تمەندی و خوێندنی پیشە یی زیاد دە کات. ئەم پێویستیە دە توانن کارگە کان پڕی بکە نە وە بە پشتگیری سە ندیکە پیشە ییکان ویکگرتوی کرێکاران بە هاوکاری لەگەڵ یە کدا تا بە رژە وە ندی هە مویان بە دە ست بێت. پشتگیری خوێندنی پیشە یی لە نێوان سە ندیکە کانە وە کلیلێکی پێشکە وتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریە.

خاوە ن کارگە کان ئە وانیش لە هە مان کاتدا کرێکارن لە سیستە می خوێندنی پیشە یی. ئە گە ر سیستە می پیشەیی دە رچووان دامەزرێنی کە تواناییەکی پراکتیکی باشی نەبوو ئەوا ئەو کاتە کاریگەری دەبێت لەسەر وەرگرتنیان وکاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەدا. خاوە ن کارگە کان لە پاڵ هە لی کارکردن داهات بەدەست دە هێنن و سوودی بۆ کۆمە ڵگا وکرێکار هە یە.

ئە ڵمانیا مێژووی درێژی هە یە لە پە یرەوکردنی بە ڕەزامەندی گشتی (لە سیاسە تی پە روە ردە یی) ئە و بڕیارە سیاسیانە ی دە ربارە ی ئە و پرسیارە کە پێویستە بۆ خوێندنی پیشە ییە وە کاریگە ری هە یە لە سە ر گروپە کومە ڵایە تیکان. جگە لە وانە لە و شوێنە دا کە پێ ی دە ڵێن سیستە می (ئۆتۆنۆمی کۆمە ڵگا) هەیە فشار دە کات لە سە ر دە وڵە ت ، کە بە ر پرسیارن لە بەڕێوبردنی ئە م دامو دە زگا کومە ڵایە تیە لە ئاستی خوی بێت بێ ئە وە ی دە وڵە ت دە ستی تێ بکات ، چونکە پێوە ندی بە بە رژە وە ندی وولاتەوە هە یە.

ئە م شێوازە جێ بە جێ دە کرێت لە سیستە می دووانە دا بە شێوە ییکی ڕوون. سیستە می خوێندنی پیشە یی بە تە واوی دە کە وێتە نێوان بەرژەوەندی وولات (یاسای گشتی) و سیستە می بازاڕەوە (پێشنیاری تایبە تی)




وێنەی ژمارە 2, سیستەمی دوانە

لە ڕابردوودا ئە م سیستە مە بە شێوە یە کی زیاتر گفتوگوی لە سە ر کراوە. بابە تی سەرەکی ئەو گفتوگۆیە بریتی بوو لە ڕۆڵی ئەم سیستەمە. لایە نگیرە کان هە میشە ئە و سیستە مە پیشە ییە وە ك میکانیزمێك بۆ دابە شکردن و بڵاوکردنی گە نجە کانمان بۆ پیشە تایبەتەکان. ئە و شتە ڕەخنە ی لێ گیراوە لە بە ر ئە وە ی لە ڕابردوودا نموونە ی زۆر بۆ نمایشە کانی کاری پیشە یی (نمایشی چاك و خراپ) وتەنها لە چە ند پیشە ییکی دیاریکراودا هە بووە.

ململانێ و گفتوگو لەیەکتردا دوور ناکە ونە وە. کولتوری سیاسی پیشە یی لە ئە ڵمانیا ململانە ی و کاری هاوبە شی پراگماتی هە بووە و ڕێزیان لە یەکتر هە یە. وە ها دیار ئە دات کە وا سندیکە کان و خاوە نی کارە کان لە یە کتر دوور ئە کە ونەوە ئە گە ر گفتوگۆ بکرێت دە ربارە ی ئەرکی دارایی (بودجە ی خوێندنی پیشە یی). هیچ لایەکیش ئەو سیستەمە لە ڕۆڵی داراییەوە ناخاتە بە ر پرسیار و ڕوون کردنە وە. خویندنی پیشە یی و ڕێکخستنی ئە و خوێندنە بە شێکی زۆر گرینگە بۆ بە رژە وە ندی گشتی کۆمە لگە.

سیستە می دووانە سیستە مێکی گونجاوە کە تێدا دەوڵە ت, خاوە نی کار, دامودەزگاکان, سە ندیکە کانیش تێدا بەشدارن.

ئە م خاڵانە ی خوارە وە دە ربارە ی شە راکە تی کۆمە ڵایە تی نێوان قوتابخانە کان وە کو دە زگایە کی حکوومی ، وکارگە کان وە کو دە زگای خاوە نی کار ، شیٌ ئە کە ینە وە.

| |
|---|
| ڕاهێنانی 1 : |
| - شە ریکە کۆمە ڵایە تیی لە قوتابخانەکە ت یا دەزگاکە ت دیاری بکە (باس بکە) |

## 3. هاوکاری نێوان قوتابخانە وکارگە کان (کۆمپانیاکان)

| |
|---|
| ئامانجی فێر بوون: |
| - ناسینی ئەرکەکانی هاوکاری |
| - زانینی هەردوو ئاستی هاوکارە کان ناو سیستە می دووانە خوێندنی پیشە یی |
| - ناسینی ئە رکە جیاوازەکانی هاوکاری نێوان قوتابخانەکان |

شە راکە تی کۆمە لایە تی نێوان قوتابخانە پیشە ییکان و کارگە کان هۆکارێکی بنە ڕەتە بۆ پێشکە وتنی خوێندنی پیشە یی ، ئە و شە راکە تە دە توانێت خۆی لە گە ڵ داوا و داخوازیە ئابووریکان دا بگونجێنێت. دروستکردنی ئە و جۆرە شە راکە تە جێگای کارگە کان زە مانە ت دە کات (گارانتی دە کات) ، وخزمە تی پێشکە وتنی قوتابخانە کانیش ئە کات. لە بە ر ئە وە لە و شە راکە تە هە ردوو لایە ن سوودی لیٌ وە ر ئە گرێت.

دە توانین شە راکە تی کۆمە ڵایە تی بە دوو جۆر دابە ش بکە ین: شێوە کانی شە راکە ت و ئاستە کانی شە راکە ت. داخوازێکانی هە ر لایە ك لە لایان کانی شە راکە تەکە ، گفتوگۆ و ئاخافتنی هاوبە ش ، سە ردانی ڕێکوپێك ، گۆڕینە وە لە بواری پراکتیك لە کارگە کان تاکو بگاتە پرۆژە هاوبە شەکان و فێربوونی هاوبە ش.

شە راکە تی فێربوون یەکێکە لە شێوە چڕەکانی شە راکە تی کۆمە ڵایە تی، ولە گە ڵ شێوە وئاستە کانی.

**پێناسە کان**

**شە راکە ت لە فێر بوون :** شە راکە تی فێر بوون شە راکە تێکە لە نێوان قوتابخانەیەك وکارگەیەك. ئامانجی ئەو شە راکەتە بریتییە لە پێشخستنی وانە کان (دە رسە کان) لە قوتابخانە و پێدا ویستیەکانی کارگە کە بەرەو پێشەوە ببات. بە و شێوەیە قوتابیان ڕۆیشتنیان (چوونیان) لە سیستە می خوێندنە وە بۆ سیستە می کارکردن ئاسان دە کات.

**جێگای خوێندن (فێر بوون) :** جێی فێربوون ئە و جێیانە یە کە وا قوتابیان تێی دا فێر دە بن. ئە و جێگانە لە سیستە می خویندنی قوتابخانە و کارگە کانن.

**بواری فێربوون :** خویندنی پیشه یی دوو به شی هه یه: به شی تیوری و به شی پراکتیك. جێی فێربوون (قوتابخانه و كارگه) بواری جیاواز هه یه له سیسته می خوێندنی پیشه ییدا. قوتابخانه زانیاری تیوری به قوتابیان ده دات و كارگه كان ئه ركی فێركردن ودرووستكردنی توانای پراكتیكی بۆ قوتابیان له سه ره.

## 3.1 هاوكاری له سیسته می دوانه دا

له سیسته می دوانه ی خوێندنی پیشه یی له ئه ڵمانیا كاری هاوبه شی نێۆان قوتابخانه و كارگا له سه ر بناغه ی یاسایی بەڕێوه دەچێت . به گوێرەی ئه و یاسایه ده بێت قوتابخانه وكارگه له كاتی خوێندنی پیشه ییدا هاوكاری یەكتر بكەن.

به هۆی ئه و به ر به سته وه (دووربوونی هه ردو جێكای فێر بوون له یه كتر) وای لێ دێت كه هه ر جێیه ك به ته نها ئه ركه كانی خوی ئه نجام بدات.

كاری هاوبه شی له نێوان قوتابخانه و كارگه به ڕێوه ئه برێ له ڕێگای به شكردنی كاره كانی نێوان هه ردوو لایان (له نێوان خۆیاندا).

ئه و به شكردنه كلاسیكیه له زانیاری تیوری قوتابخانه و زانیاری پراكتیكی كارگه پشتگیری قوتابی ده كات له هه ردوو به شی (تیوری و پراكتیك)

بۆ قوتابیان زۆر گرنگه بزانن سوودی بابه ته هاوبه شه كانی هه ردوو جێگاكان چیه ! له بەر ئه وه ی زانیاری پیشه یی قوتابیان له یه كگردنی هه ردوو زانیاری تیۆری وپراكتیك پێك دێت.

زانیاری تیوری وپراكتیك د ه بیت به گوێره ی توانا یه ك بگرنه وه. زۆر گرنگه قوتابخانه و كارگه هه وڵ بده ن ناوه ڕۆكی هه ردوو زانیاری تیوری وپراكتیك به یه كه وه گرێ بده ن وه له یه كتر فێر بن.

باشترین شێوه ی فێر بوون ئه وه یه كه خوێندنی وانه كان له قوتابخانه بدرێت و له كارگه پراكتیك ده رباره ی هه مان بابه ت (یان پرۆژه) بكرێت (بۆ نموونه چاككردنی په مپ)

به و شێوه یه دانوستانێك له نێوان زانیاری تیۆری ئه زموونی زانستی (پراكتیك) درووست ده بێت ، له به ر ئه وه ی بابه تی دانوستانی ڕاسته وخۆ له نێوان زانیارێكانی قوتابخانه و كارگه درووست بوو.

له لایه نی په روه رده یی – دیتاكتیكی (وانەوتنەوه) پێویستی به گۆڕانی بنچینه یی هه یه له خوێندنی پیشه یی به ڵام دابه شكردنی وانه كان بۆچه ند وانه یه ك وه كو ماتماتیك ، فیزیك و زمان دانووستان كه متر ئه بێت.

دانوستان به هێزتر ده بێت له كاتێكدا كه ماده ی ئاماده كراو په یوه ندی به كار تێكردنه وه هه بێ، وه كو درووست كردنی په ێژه ی ئاسن.

ناوه ڕۆكی وانه كان تێكه ڵ ده بێت له هۆڵی خوێندندا (بۆنموونه – په یژه – به رزی په یژه كان ، وه له به رچاوگرتنی بوواره كانی فیزیك و ئه ندازه یی ، دیكومونتكردن ......)

باشترین شێوه ی نموونه یی بریتییه له به ستنه وه ی شوێنی قوتابخانه و كارگه له یه ك شوێندا ،

بۆ نموونه درووستكردنی په یژه كان له هۆڵی خوێندندا وه له هه مان كاتدا بچێت بۆ كارگه له هەمان شوێن دا. ئەم نزیكبوونه وه یێكه وه زۆر گرنگه بۆ خوێندكاری پیشه یی كه فێری زانستی ته كنولوژیا و ئامێری به كارهێنراو له وانه كاندا وه به كارهێنانی له كارگه كاندا له هه مان كات.

بۆ نموونه سوودی نیه ئه گه ر قوتابی له وانه كاندا فێری چۆنێتی درووست كردنی (ده به كان) به شێوه ی لكاندنی ئۆتۆماتیك ، به ڵام له كارگه دا به شێوازێكی كۆن وكلاسیك به كار بهینێت ، له به ر ئه وه پێویسته له و شوێنه دا گونجاوی ته واو له نێوان وانه كان به شێوه ی ووتنه وه و به كارهێنانی پراكتیك هه بێت.

**له ئه نجامدا :**

بوونی په یژه و پرۆگرام له دامه زراوه ی پیشه دا ده بێته هۆی تێكه ڵبوونی باشتر له نێوان قوتابخانه ی پیشه یی و كارگه دا. له به ر ئه وه ڕزگاری ده بێت له ئه گه ری ڕووداونی جیابوونەوه یان نه بوونی هاوكاری له نێوانیاندا. قوتابخانه كان وه كارگه كان ده

توانن پێشکه ون و پرۆژه کان پێکه وه دامه زرێنن وه به کاری بهێنن. ئه م هاوکاریه له خویندنی پیشه یی له نێوان قوتابخانه و کارگه دا شتێکی نموونه یه  له شه راکه تی کومه ڵایه تیدا.

## 3.2 بوواره جۆراوجۆره کانی هاوکاریکردن

ئه رکی بنه‌ڕه‌تی شه را که تی کومه ڵایه تی بریتییه له باشترکردنی قوتابخانه‌کان وانه‌کان و به‌رژه‌وه‌ندی ئابووری.

هاوبه شه کان (شه ریکه کومه ڵایه تێکان) ده توانن یارمه تی یه کتری بده ن (بۆ نموونه: وزاره ته کان ← سانسوری قوتابخانه ← کارگێڕی قوتابخانه ← مامۆستا)

خاوه‌ن بڕیار بۆ کاروباری خوێندن ، چالاکێکان و بیروراکان  له‌ژێر ده‌ستی لایه‌نه باڵاکان و ده‌زگا به‌رزه‌کانه‌وه بڕیاره‌کان له‌وانه‌وه ده رده‌چێت.

ئه و بڕیارانه  پێویسته به‌رژه وه ندی که سانی تر له‌به‌ر چاو بێت ، له‌به‌ر ئه‌وه شه راکه تی کۆمه ڵایه تی ته نیا له حاڵه تی     گه شکردن و پشتگیری پێشنیاره کاندا سه رده‌که وێت.

ئه م خاڵانه ی خواره وه که باسی لێ ده که ێن ده بێته سیسته می یه کجاری بۆ هه وڵه کانی هاوکاری هاوبه شی :

1. <u>قوتابخانه (قوتابیان و مامۆستایان) ده چنه کارگه کان</u>

ماموستایان و پۆله کان و کۆرسه کان وقوتابیان سه ردانی کارگه کان ده‌که‌ن و کاری پراکتیك ئه‌نجام ده‌ده‌ن له ناو کارگه کان  بۆ ئه‌وه‌ی له نزیکه وه زانیاریان له سه ر هه بێت.

وێرای ئه وه پۆله کانی قوتابخانه کان ، کۆرسه کان و قوتابیان ده توانن زانیاری ده‌رباره‌ی کارگه کان وه‌بگرن بۆ درووستبوونی  په‌یوه‌ندیه ك به‌م کارگانه‌وه و به ڕچاوخستنی پرسیار له کرێکاره‌کانی کارگه بکه ن و ڕوونی بکه نه وه ده رباره ی هه ڵی کارکردن له و شوێنه دا.

قوتابیان و مامۆستایان ده توانن له کارگه دا بۆ ماوه یه کی دیاریکراو پراکتیك بکه ن ، بۆ نموونه ۲ تا ۳  مانگ ، وه ئه م پراکتیکه ده بێته هۆی په یدابوونی زیره کی وشاره زایی  تاکو ده ست به کاربکات له هه مان کاردا.

ئه گه ر کارگه کان ته کنۆلۆژیای نوێ به کار بهێنن وه ك به کارهێنانی (ئامێره کانی داینه مۆ – ماتۆڕ) ی پێشکه وتوو بۆ ئۆتۆمبێله کان یان له بواره کانی تردا وه ك کارکه کانی تایبه تمه ندی ته ندرووستی که ئێستا به کاری دێنن (پاککردنه وه ی ڕۆیشتنی ئاو له بنبان) که شتێکی پێویسته بۆ ئه‌و کارگانه ، خولی به هێزکردن بۆ کرێکاره‌کان بکه‌نه‌وه ، یان تاکو له ئاستی پێشکه وتنی ته کنۆلۆژیا بن .

وهه روه ها ببن به پسپۆڕ له و بووارانه دا.

له سه رقوتابیان وه مامۆستایان به شدتری بکن له ئه و خوولانه بۆ به دیهێنانی قوتابیانی شاره زا له و کارامه دا و پێداویستی بازار پڕبکه نه وه.

2. کرێکاران وه خاوه نی کارگه کان ده ڕۆن بو قوتابخانه (په یمانگه)

بۆ ئه‌وه‌ی  وانه‌کان نزیك بن له پراکتیکه وه ، کرێکارانی پسپۆڕ ده توانن به‌شداری له وانه وتنه‌وه‌دا بکه‌ن له پێناوی ده‌وڵه‌مه‌ندکردنی وانه کان. قوتابیان سوود له زانیاری وه شاره زایی نوێ وه‌رده‌گن

(بۆ نموونه وانه کان له سه ر پارچه‌یه‌کی به‌رهه‌مهێنراو ده‌کرێت ، وه پێناسه ی له سه ر ده‌که ن)

کرێکارانی پسپۆڕ یارمه تی قوتابیان ده‌ده‌ن بۆ فێربوونی پراکتیکی و وه‌رگرتنی زانیاری به شێوه ێکی ته واو و پێشکه وتوو وه هه روه ها چاره سه رکردنی کێشه کان که تووشیان ده بێت له کاتی پراکتیکدا.

له ده ره وه ی چوارچێوه ی وانه کاندا کرێکاران ده توانن ئه م کارانه ی خواره وه  به کار بهێنن:

- وانه یه ك له سه ر پرۆژه کان (چۆنێتی پرۆژه ، کاتی پرۆژه (ڕۆژ ، هه فته) ، پێناسی پرۆژه)
- وانه ی پراکتیك
- کاره کانی پرۆژه ی تایبه تمه ندی ، بابه ته کانی لێکۆڵینه وه
- فابریکی قوتابیان
- کۆمه ڵگه ی کرێکاران
- کاری خۆپیشاندان
- دۆزینه وه ی چاره سه ر بۆ کێشه کان

### 3. به شداربوون له پێشنیاره کان

له ڕێگای زانستی پراکتیکه وه  وبه کارهێنانی پراکتیك ده توانن کرێکارانی کارگه له پێشنیاره کان که له قوتابخانه ده رده چێت (بۆ نموونه پێشنیاری قوتابیان ، پێشبڕکێ  و پێکهێنانی گروپه کان و کۆمه ڵگه کان).
له ڕێگای ئه مانه وه  وێرای له وانه کان ، قوتابیان باسی بابه ته کانی که پێویستی به تایبه تمه ندی ده که ن وه هه روه ها گفتوگۆ و ڕوونکردنه وه ده رباره ی بیروڕا وکێشه کان ده که ن.
جگه له وانه کرێکاران ده توانن پشتگیری قوتابیان بکه ن له ڕێگای چالاکیەکانه وه  له دەرەوەی قوتابخانه (وه ك پشبڕکێ ، کردنەوەی پیشانگا وپێشکه شکردنی زانیاری)

### ٣. به شداری ده سته ی و ڕێخراوانی قوتابخانه

کارگه گه وره کان له سه ر سیسته م وکارگێڕی ورد درووست بووه ، به ڵام قوتابخانه کان به گشتی ملکه چی یاسا کانی ده وڵه تن. به ڵام له م بوارانه دا سوود له کارگه کان ئه که ن ، به تایبه تی له بواری کارگێڕی وکارگێڕی کۆنترۆڵی چۆنێتی.

قوتابخانه کان ، کارگێڕی قوتابخانه کان و سانسۆری قوتابخانه کان ده توانن به هاوردنی هانده ری گرنك و سوود به خش ودوایی بیگونجێنێ له گه ڵ پێداویسته کان و داواکانیان.
کرێکاران له کارگه کاندا ده توانن کاریگه ر بن له کارگێڕی قوتابخانه کان دا بۆ پێشکه وتن له بواری چۆنێتی کۆنترۆڵ دا. له ڕێگای په یوه ندیکردنی ئابووری له گه ڵ جیهانی ده ره وه  ده توانن پشتگیری بۆ دروست بوونی په یوه نده کان و هاوکاری قوتابخانه کان له گه ڵ قوتابخانه کانی ده ره وه ی ووڵات بکه ن وهه روه ها ده توانن کرێکاران له کارگه کاندا شاره زایی پراکتیك بده ن وه ببێته یارمه تییێك بۆ دروست بوونی و نه خشه ی به شه کان و وانه کانی قوتابخانه.

### 5. بواره کانی تری هاوبه شی (شه راکه ت)

قوتابخانه کان و کارگه کان ده توانن چه ند هاوبه شی تر پێشکه ش بکه ن له هاوکاری هاوبه شی.

### که ره سته کان بۆ ئاماده وپێگەیانی وانه کان

- که ره سته ی خوێندن برواپێکراو – نامیلکەکان – کورسه کان – ڕاپۆرتی ساڵانه – ڕاپورت له سه ر ژینکه
که ره سته ی ریکلامی – فۆرمه کان
- پرۆگرامی کۆمپیوتر تایبه تی
- که رەستەی پراکتیکی

- ئامێرە کان ، کە رە ستە ی کیمیائی ، پە رتوك ، کە رە ستە ی کە لە ناو وانە کان نە هاتووە.

**کۆمەك (سپۆنسەر)**

- پشتگیری دارایی بۆ پرۆژە کان
- کە رە ستە کان بۆ چاککردنی یان دانانی نە خشە ی قوتابخانە

**سوودوەرگرتن لەو لۆجستیکەی کە لە کارگە کاندا هە یە**

- لە ناوبردنی مادده زیانبەخش و ترسناکەکان
- دارشتنی زانیاری (تۆرِی مە علوماتی ، کتێبخانە کان .... هە تا )
- پشتگیری کارگە لەلایەن سە نتە ری راهێنانی پیشە یی
- شیکردنە وە ی و دە ربرِینی بیرورِا بۆ ئە نجامی وانە کان

**سوودوەرگرتن لەو کە رە ستە کانی کە لە قوتابخانەکەدا هە ن**

- بە کارهێنانی ژووری وانە کان بۆ مە بە ستی بە کارهێنانی وانە کانی پراکتیك بۆ کارگە کان و کۆمپانیاکان
- هەبوونی کە رە ستە کانی یە دە ك
- مامۆستا وە کو هاوبە شی دانوستانی وپسپۆرِ بۆ چارە سە رکردنی کێشە کانی زانستی

**کارە کانی دە ڵاڵی (ئە و مرۆڤە کە لە نێوان دوو لایە ن دا)**

- سوودوەرگرتن لە پە یوە ندییەکان (وەك سە ردانی بە شێك لە بە شە کانی کارگە دا)
-دروستکردنی پە یوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە

**٤ . پێشکە ش کردنی خزمە تگوزاری قوتابخانە بۆ کارگە کان**

**پارمە تی فێرکردن بۆ کارگە و کۆمپانیاکان**

- رِیکخستنی سە ردان بۆ کارگە و ئەنجامدانی کاری پراکتیکی لە کارگە وەهەروەها هەوڵدان بۆ هەبوونی پەیوەندی بەردەوام ، وپەیوەستبوونی چالاکییە هاوبەشییەکان
- ئامادە کردنی خولی بەهێزکردن کارمەندانی کارگە (کۆرسی تایبە ت بۆ پسپۆران)

**پارمە تی وهاوکاری لە کاری میدیا**

- بڵاوکردنە وە ی چالاکییە هاوبەشەکان ، کاری رِۆژنامەوانی، پەیوەندی بە میدیا ناوخۆکانەوە، دروستکردنی ما ڵپەرِی ئەلەکرۆنی و دروستکردنی رِۆژنامەی تایبە ت بە قوتابخانەکەوە ....
- هاوکاری لە کاری چەند میدیایە ك : راپۆرت نووسین
- کاری نووسەری بۆ بەشەکانی کارگە: ماڵپە رِی ئەنتەرنێت ، رِۆژنامە .....
- کاری دراوسێتی (هاوکاری) : کاری پێشکە شکردن ، رِۆژی کردنە وە ، گرووپی هاوسێتی
- پارمە تیدان لە (رِۆژی دەرگای کراوە)

رِاهێنانی 2 :

- هە وڵ بدە بۆ هەر جۆرە هاوکارییەك (کە باسکرا) کە پەیوەستە بە قوتابخانەکەت دیاری بکەیت. .

## 4 فێر بوونی ها وبه شی

ئا ما نجه کانی فێر بوون :

- ناسینی فێربوونی هاوبه شی و دیاریکردنی ئەو فا کتەرانەی کە بۆ هاتنەکایەوە گرنکن؟

فێر بوونی ها وبه شی له نیوان ڤوتابخانه و کارگەکان بریتییه له پەیوەندی ها وکاری نێوان کارگەکا ن و ڤوتابخانەکان کە چوار مه رج پر ئەکەنەوە:

**ها و سێ:**

فێربوونی هاوبه شی پەیوەندی هاوسیانەیە لە نێوان ڤو تابخانە یە ك وە کارگا یە ك.

**به رده وا می :** فێربوونی ها وبه شی پە یوه ندییه کی به رده وامه.

**گۆڕانە کانی دە رس ووتنە وە :**

لە فێر بوونی هاو بە شیدا کارگەکا ن (ئابووریە کان یە کگرتوەکان) یارمە تی ڤوتابخانە هاوبە شە کانیان دەدەن لە وانەوتنەوەدا لە سەر داوا و بابەتی ئابووری دە وروبە ر ئا گادار دە کاتەوە , لە سە ر ئە و ئاگاداریانە ڤوتابخانە پە روە ردە ییە پیشە کانی وا پێش کە ش دە کات کە لە گە ڵ راستە ڤینە زۆر نزیك بێت.

**به دڵ کارکردنی کارگه ران :**

پێکەوە کارکردنی کارکردنی کارمەندانی کارگە و مامۆستا کان ڕەگەزێکی زۆر کاریگەرە .

### 4.1 مه رجه کانی چۆنێتی (کوالیتی) شه را که ت له فێر کردندا

بنیاتنان و مانەوەی فێربوونی هاوبەشی لەسەر چەند پێوانەێکی باش دە ڕۆن ، کە پێویستە بە گوێرەی کەتەلوکی پێوانەکان بێت. ئە م جورە لیستە پێوانە ییە یارمە تی ئەدات بۆ چۆنێتی ئەو هاوبە شانەی کە هە ن وە دۆزینەوەی ڕێگا بۆ لابردنی ئەو گرفتانە کەهە ن. لە گە ڵ ئەمەشدا دە توانرێت پروگرامی فێربوونی جێگر و ستا ندارت ئا ما دەبکرێت. ئە م جۆرە کەتەلوکانە دە بێ خۆیان لە سە ر چەند پێوانەیەك بچەسپێنن کە بە چاودێری بەرپوەبەرایەتێکی ڕێکخراوەوە بەرێوە بچێت.

ئەم کەتەلۆکەی پێوانە ی خوارەوە دەتواندرێ وەك بناغەیەك بۆ پەرە پێدان بە کەتەلوکی پێوانە یی خۆیی (تا یبە تی) خزمە ت بکا ت. هە ردوو بە شی هاوبە شیەکە دە بێ لە سەرە تاوە لەسەر بەرپرسیارێتی پێکەوەیی بەڕێوەبردن و پێوانەی ڕێکە وت بن.

| | پێوانە بۆ فێربوونی هاوبە شی لە نێوان ڤوتابخانە و کارگە |
|---|---|
| 1 | هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بە هاوبەشی ڤازانج بکە ن. |
| 2 | ئامانج و ناوە ڕۆکی ئەم هاوبەشیە بە شێوەی نوسراو لە ڕیکە وتنی هاوبە شی ئامادەکراوە. |
| 3 | ڕیکە وتنی هاوبە شی شامازە دەکات بە (ناوە ڕۆك، کەسەکان، وانە کان، کات). |
| 4 | ڕێکە وتنی هاوبە شی بۆ هە میشە پلان ئامادەکراوە. |
| 5 | پێویستە بە ڕێوبە رایە تی ڤوتابخانەکان و کارگەکان ئەم هاوبە شییەیان پە سند بکەن. |

| | |
|---|---|
| 6 | قوتابخانە و کارگە  هەر یەکیان کەسێکیان تەرخا ن کردووە بۆ بە ڕێوە بردنی فێربوونی هاوبە شی . |
| 7 | ها وبەشی دەبێ بۆ ناوە وە ( وەك تەختەی هەڵواسراو بۆ ڕاگە یاندن لە ژووری ماموستایان، کۆنفرانسی ماموٚستایان )<br>بۆ دەرە وە (ماڵپە ڕی ئینتەرنت ، ڕاگە یاندنی میدیایی ) پێك بهینرێت. |
| 8 | پێویستە چالاکییەکا ن لەڕێگای مرۆڤەوە ببەسترێنەوە  بە قوتا بخانە یان کارگەکان. |
| 9 | بە شێك لە چالاکی ها وبەشی لە ناو وانەکاندا بەکاردێت وەکو مەنهەج . |
| 10 | ماموٚستاکان بە هاوبەشی کەرەستەی وانەوتنەوە ئامادەئەکەن وەهەروەها ناوە ڕۆکی نووسراوە بۆ وانە کان<br>ئامادە  ئەکەن یا خود کەرەستەی  پێشتر ئامادە کراو بە کار دەهێنن. |
| 11 | گرنگی دەدرێت بە ڕووداوی داهاتوو |
| 12 | بەلای کەمەوە ساڵی جارێك کۆبوونەوە دەکریت بۆ پلان دانان و هەڵسەنگاندن. |

## 4.2 بنیاتنانی فێربوونێکی ها وبە شی جێگیر

لە ئە ڵمانیا قوتابخانەی  پەروەردەییە پیشەییەکان پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ کارگەکاندا هەیە بە مەبەستی پیشەی. لەسەر چەند شێوەیەکی جۆرا وجۆر هاوبە شی دەکەن , بۆ نمونە پراکتیك ( کا رکردن بو ما وە یە کی دیارکراو لە کارگەیەك بۆ بەدە ست هێنانی  زانیاری سە رە تایی) بۆ قوتابیان یا خود پیشانگەی پیشەیی. فێربوونی هاوبە شی لە م پە یوە ندیانە زیاتر  تێ دە پەرێ . ئە م پە یوە ندیە بۆ هە میشە داندراوە و بە ئە رکە کانییەوە بە ستراوەتەوە. لەبەرئەوە دەبێ لەگەڵ بڕیاردە ران (بە ڕیوە بە رایە تی قو تا بخا نە کان , بە ڕیوە بە را یە تی کارگاکان ،  چاودێری قوتابخانە کان) ڕێك بکە ون. بۆ بنیاتنانی فێربونێکی ها وبە شی جێگیر و سە رکە وتو  پێویستە  هەنگاو بە هەنگاو جێ بە جێ بکرێت .
لە داهاتوودا باسی ئەو هەنگاوانە دەکەین کە دەبنە هۆی بنیاتنانی فێربونێکی هاوبەشی جێگیر و سەرکەوتوو . وەهەروەها کەتەلوکێك پێك دەهێندرێ بە پاڵ پشتی چە ند پێوەرێك , کە لەگەڵ هە موو جۆرە ڕووداو کاتێت دەگونجێت.

### 4.2.1  پێوەرە ئامادە کراوەکان

**لە قو تا بخا نە:**

پێش ئەوە ی پە یوە ندی بە کارگەوە  پتەو بێت، دە بێ بەڕیوەبەری قوتابخانە دە ستە ی بە ڕێوبە رایە تی قوتابخانە کە ی ئاگاداری تە واوی ئە م پە یوەندیە بکاتوە بۆ ڕازی بوونی ماموٚستایان هە ول بدات چونکە ڕازیبونیان ڕۆڵێکی سە رە کی لە سە ر کە وتنی ئە م هاوبە شیە هە یە.

بو ئاما دە کردنی فێربوونی هاوبە شی پێویستە چە ند  پێوەرێکی  گرنگ  ڕەچاو بکرێن:

- ئە م بیرۆکەیە دە بێ بۆ دە ستە ی بە ڕێوە بە رایە نی فیربوونی هاوبە شی پیشان بدرێت وە ڕوون بکرێتە وە ئاماژە بکرێت بەم بیرۆکەیە  کە لەم بەڕیوەبەرایەتیە بەڕیوە دەبردرێت.
- لە م گفتو گۆیە دا دە بێت ڕوون بکرێتە وە کە بە چی  شێوە یە ك لەم فێربوونە هاوبە شیە بە شدا ر دە بێت.
- دە بێت بە ڕێوە بە رێك بدۆزرێتەوە و ناو بنرێ بۆ ڕێکخستنی پە یوە ندیە کانی داهاتوو.

**له کا ر گه**

- فێربوونی ها وبه شی هه بوونی کارگەکان وه ئابووری ناوچه كه پته وتر ده كا ت .

- له ڕێگەی فێربوونی هاوبه شی کارگەکان ده توانن یارمه تی قوتابخانه کان بده ن ، کوالیتی پەروەردەییه پیشەییەکان باشتر و به هێزتر دەکات بۆ دابین کردنی پێویستیه کانی کارگەکان .

- فێربوونی هاوبه شی هاوبه شییەکی ماوه درێژه , که کارگەکان بەیەکەوه دەیبه ستن, که تێچوونی هەیه. لەبەر ئەم هۆکاره دەبێ لێکۆڵینەوه بکرێت که ئایا هاوبه شی له گه ڵ کارگەی زیاتر بکرێت یان نا.

گه ڕان له کارگه ی هاوبه ش بۆ پێکهێنانی فێربوونی هاوبه شی هه نگاوێکی سه خته. په یوەندییەکان له ڕێگای پەیوەندی تایبەتەوه له نێوان کارگەکان لەگەڵ یەکتردا, دایك و با وك ، مامۆستا و قوتابی ، یانه کانی وه رزش (وه کو یانه ی تۆپی پێ) یاخود له ڕیگای بزووتنەوه ناوخۆییکان دێنه کایه وه . لێره گرنگ نیه که ئەم پەیوەندیانه چۆن درووست بوون. به ڵام ده بێ ڕەچاوی ئەوه بکرێ که فێربونی ها وبه شی (کاری به ڕێوبه ره)(مانای ئه وه یه کاری به رپرسانه)یه. لەبەر ئەوه بەرپرسه کانی کارگه کان ده بێ زۆر زوو ئاگادار بکرێنەوه.

وەهەروەها کارگەکان کارگای ئابوورین , که به پلەی یەکەم بۆ سەرکەوتنی ئا بووری هه وڵ دەدەن. کارمەندانی کارگەکان به پلەی یەکەم بەرپرسن له سەرکەوتنی ئا بووری. گرنگی و سودەکانی فێربونی هاوبه شی بۆ کارگه ده بێ بخرێته بەرچاو. ( بۆ دەبێت ئێمه ئه م کاره بکه ین ؟) لێیره ده بێ ڕەچاوی ئەوه بکرێ که کارگه گەورەکان به ئاسانی دەتوانن ئەم جۆره پەیوەندیه ببه ستن، له به ر ئه وه ی که ژما ره ی کارمەندان لێ زوره.

کارگه بچووکەکان به زەحمەتر کارمەندی پێویست دا بین دەکەن. ئه م جۆره زەحمەتیانه ده تواندرێ کەم بکرێنەوه که قوتابخانەکان زۆر ئه رك بخه نه ئه ستوی خۆیان بوئه وه ی ها وبه شیەکەیان ئاسانتر بکات یاخود فێربوونی هاوبه شی له گه ڵ کارگه بچووکه کان نەخرێنەلاوه به ڵکو لەگەڵ تۆڕێك له کارگەکان بێته کایه وه (وەك یه کگرتوه پسپۆریه کان ).

بۆ سه رکه وتنێکی هه میشه یی فێربوونی ها وبه شی ده بێت چه ند مه رجێکی ته کنیکی ڕەجاو بکرێ:

• هاوساێیەتی: کارگه ده بێت له قوتابخانه نزیك بێت بۆ ئەوەی به ئاسانی بگەیەتی .لەم ڕێیەوه دەتواندرێت کارەکانی نێوان کارگه له قوتابخانه ئاسانتر جێ به جێ بکرێن.

کارگەکان که له نزیك قوتابخانه کا نن له لایەنی دەررونییەوه سودێکی باشیان هه یه له سه ر قوتابیان به بەراورد کردن لەگەڵ کا رگه و قوتابخانه کان که له یه ك دوورن. هاوسێتی کارگه و قوتابخانه کارێکی گرنگ ده خاته سه ر به نا و بانگی کا رگای گه وره و بچووك.

• پێکه وه گونجان: قوتا بخانه و جۆری کارگا ده بێ پێکه وه بگونجێن. ده بێت ره جا و بکرێ که قوتابخانه فێرکه ره کا ن زۆر سیستیمی ئاڵۆزیان هه یه. کارگەی مام ناوه ندی و بچووك له وانه یه بتوانن له به شێکی کارگاکانیان فێربوونی هاوبه شی بکه ن.

## 4.2.2 له گفتو کوی سه ره تایی وه تاکوو گرێبه ستی هاوکاری

پاش ڕونکردنه وه یه کی سه ره تایی ، به دیار ده که وێ ئایا له نێوانی ئه م دوو لایه نه هاوبه شی دێته کایه وه یان نا، دوای ئەمه ده تواندرێ ده ست به گفتوگۆ له نێوان ئه م دوو ها وبه شه بکرێ. لێره کارگه و قوتابخانه یه کتری باشتر ده ناسن.

بو ئه م کەسانەی که ڕێکخستنی فێربونی هاوبه شی و تۆڕی فێربونی هاوبه شی به ئەرکی خویان دەزا نن دوو لایەن (ڕوو) ده بنه کا ری سه ره کی : به راورد کردن له ویستن و پێ به ستنەوه به جۆری پسپۆری یاخود به شه پسپۆرییه کا ن.

بۆ بە راوردی ئە وانە ی کە دە یا نە وێت بە شداری بکە ن بەڕیوەبەرایەتی  فوتابخانەکا ن لەگەڵ نوێنەری بەشەکانی لە گە ڵ نوێنە ری کارگەکان کۆ دەبنەوە. لێرە دەیانەوی ْیەکتر بناسن و زانیاری ئاڵۆگۆڕ بکەن.

پا ش یە کتر ناسینی هە ر لایەنێك دە یەوێت زیاتر دەربارەیشارەزایی  بەرامبەرەکەی لە بواری  فێربونی هاوبە شی بزانی. پاش ئە وە دەست بە گفتوگۆی ها وبەشی دەکرێت.

بۆ بەستنەوە بە بەشی ویستراو ئە و کە سانە ی کە لە کۆبوونەوە ی سەرەتایی بە شدا ر بوون (فوتابی ، مامۆستا ) هە ڤاڵە کانیا ن لە نا وە ڕۆکی ئە م کۆبوونە وە یە ئاگادار دەکەنەوە. لە دوای ئەوە پیکەوە دەست دەکەن بە گفتوگۆکردن لە سەر هاوبە شی. (وە ك لە ڕێی براینستورمینگك) وە ( میندماب ئیدن پوول). بە هەمان شێوە نوێنەرانی  کارگەکانیش هەرئەم ڕە فتارە دەکە ن ، دەبیْ کارمەندەکانی بە شە کا نی ترئاگادار بکەنەوە. پاشان هە ردوولا بەو شێوەیە کۆدەبنەوە و بیروڕاکانیان دەردەبڕن . ئەم کۆبوونەوەیە بە جۆری زۆر مودێرن و نویْ بە ڕێوە دەچێت. تێدا باس لە و چالاکییانە دەکرێت کە بە ئاسانی دێنەدی.

ئە م بیرو ڕایانە دە بیْ کا ر بکە نە سە ر نلوەڕوکی وا نە کان ، بە تا یبە تی کە شارەزایی لە بابەتە ئاڵۆزەکانە یاخود ناوە ڕوکی وانە کان پێیش چاو بن. ئە م گفتو گۆیانە دە توانن پیشە کی سە رکە وتنی کارگە و فوتابخانە پیشان بدە ن. ئە م بیرو با وە ڕە هاوبە شیانە کە لە سە ریان گونجاون دە نوسرینە وە و پێکهاتنی هاوبەشی دەخرێتە پێش بەڕیوەبەری فوتابخانە و بەڕیوەبەری  کارگەکان بو ڕازیبوون لە سە ری.

### 4.2.3 ڕێکەوتننامەی هاوبەشی

ڕێکەوتننامەی هاوبەشی بناغەی هەر فێربوونێکی هاو بە شیە. ڕاستە ئە م ڕێکەوتننامەیە تومار دە کرێت و دەچە سپێندرێت. تیایاندا گرنگترین پلانەکان دەچەسپیندریْ. ئەمە بەشی داواکاریە ڕەسمییەکان دەکات کە لە ناو نامەی ڕێکەوتننامەی دا هاتووە. کەسانی بە رپرس وە ناوەڕۆك و ئامانج بە وردی دە ست نیشان دە کرێن وە بە درێژی  پروگرامەکە دەخرێتە بە رچاو تاکو کا ری پیْ بکرێت. لێرە دە بێت ئاگا داربین کە هەموو شتێك تە واو دابزیت ، بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەی هاوبە شی وەك بناغە یەك بۆ گفتوگۆکانی داهاتوو بێت.

ڕێکەوتننامەی هاوبە شی دوکۆمە نتی  یەجارەکییەك و بەرهەمی پرۆسە ی پێکهاتنن  ئا وێنەی ئا ما نجەکانی تاکەکانە وە ئامادە یی کارگە رانی کارگاکان بۆ بە یە کە وە کا ر کردن. ئە مە دە توا نیْ دە ست بە چی ئیحتمالی بە یە کە وە فێربوون تە قدیر دە کا ت. لە گە ڵ ئە وە ش گونجاوترە وە ئا بوری ترە بە ستنەوە و پێکەوە کا رکردن لە پاڵ بە   چە ند بواری ستاندارت بدات ، کە زانیاری و ماددە و وانەکانیان دیارن. ڕێکە وتنی سە رەتایی لە نێوان فوتابخانە و کارگەکانی هاوبەشی پێشان ئەدات کە دەبیْ هاتنەکا یەوە بکرێت.

### 4.3  چەسپاندنی (پتە و کردنی) فێربوونی هاوبەشی

فێربوونی ها وبە شی وەك پێوەرێکی کاتی کورت تە ماشا نا کریْ . ئەو بە شێکە لە پەیوەندیەکی هەمیشەیی وبە ردە وام بە ینی فوتا بخانە و ئا بووری دە بینریْ. مانە وە ی ئە م هاوبە شیە لە گە ڵ ئە م تۆڕیە پێویستی بە هە وڵ و تێکۆشانی زۆر هە یە. لە کاتێکدا ئە م پەیوە ندیانە نویْ درووست دە بن ، وە مانە وە ی ئەم هاوبە شە سەرەتایە ئاسان دەبێت بەڵام ئەزموونی لەبەکارهێنانەوە (پراکتیك) ئاماژە بۆ ئەوە دە کات کە مانە وە ی بۆ کاتێکی دوور و درێژ دەبێت. لەوانەیە ئاستەم و فورس بێت ، هەتاکو بنمایەکی باشی هە بێت ، وە ئە وە دوور نیە ئە گە ری ئە م هاوبەشییە لاوازە سەرنەکەوێت بەتەواوەتی.

لە پێناوی مانەوە و بە هێزبوونی  پەیوەندی هاوبە شی درێژخایە ن دە توانین بە دواچوونی ئە م خاڵانە ی خوارە وە بکە ێن :

- دانانی ڕێکەوتنێکی هاوبەشی بەشێوەی نوسراو
- بڵاوکردنە وە ی بنە ڕە تی هاوکاری لە سە ر ئاستی بە شە کان (بە شی پسپۆڕی) بۆ فوتابخانە یان بە شە کانی کارگەکان
- هێنانی بە ڕێوبەرانی کاری هاوبە شی ، وەبەشداری پێکردنیان لە ڕاهێناندا

- به ڕێوبردنی پیشه زان له ڕێگەی به ڕێوبه ره  داواکراوەکانەوه

ڕەگەزەکانی دیکه له چوارچێوەی شەرا کەتی یەك لایەنه :

- پە خش کردن له ڕێی میدیاکانەوه : له چوارچێوه ی ئه و ڕێکه وتنه ئاهه نگگێرانێك ناو قوتابخانه یان له هۆڵه کانی کارگه  ئه گێڕدرێت. ڕاگه یاندنی قوتابخانه و نووسه ران و چاودێرانی قوتابخانه ده بیت له وێ ئاماده بن. بۆ دانپێنان و ڕاگه یاندنی     ئەو هاوبه شییه ، هه ردوو لایه نه کان (شه ریکه کان) په یمان ئه ده ن بۆ هاوکاری درێژ خایه ن. له هه مان کاتدا قوتابخانه و کارگه سوود له  ڕاپۆرته کان وه ر ئه گرن.

ڕاگه یاندنی ئه و جۆره هاوبه شیه نیشانەیەکه بۆ دروستکردنی (تۆڕی په یوه ندی) کراوه تر ، وه پێشکه وتنی کۆمه ڵ

- هه ڵسه نگاندن و ته واوکه ری ڕێکه وتنامه : فێربوونی هاوبه شی پێویسته خۆی وا نیشان بدات که به شێوه کی زیندوو وکاریگه ر بێت ، له به ر ئه وه ئه و گۆڕان کاریانه که ڕوو ئه دات به شێکه له پرۆسه ی هاوبه شی. له به ر ئه م هۆیه ئه و ڕێکه وتنامانه که ڕێکخراوه کاتێکی سنوورداری هه یه. ڕێکه وتنامه کانی بنه ڕه تی ده بێت سنووردار بێت بۆ ماوه ی یه ك ساڵ. له دواییدا به رپرسانی هه ردوو لایه نی ڕێکه وتنامه که چاویان به یه ك ده كه وێت وه گفتوگۆ ده که ن له پێناوی ئه وه وسوود بکه ن له شاره زایی یه کتری ، وه ده رچوونی چه ند کاڕایه ك (ته قه ڵایه ك) بۆ هه ڵسه نگاندنی و چاککردنی ئه و چالاکیانه ی که ئه نجامیان داوه.

ئامانج له و به یه ك گه یشتنه ئه وه یه  به ستنی ته واوکه ری ڕێکه وتنامه که تاکو بچێته پاڵ ڕێکه وتنامه  بنه ڕه تێکه ، بیروڕا و کارڕای تازه کان و به رده وامی چالاکی سه رکه وتووه کان و ته واوبوونی چالاکی سه رنه كه وتووه کان بێت.ته واوکه ری ڕێکه وتنامه بۆ ماوه یه کی سنووردار ده بێت (به شێوه یه کی گشتی بۆ ماوه ی یه ك ساڵ) ه

- هه ڵوه شاندنی (ته واو بوونی) ڕۆتین : به ستنی ته واوکه ری ڕێکه وتنامه کان بۆ چه ند جارێك پێویستی به چه ند کارڕای ڕۆتین هه یه. له وێ کۆمه ڵێ له کارڕایی هه یه بۆ هاوکاری هاوبه ش پێویستی تاقی کردنه وه هه یه ، وه ئه م کارڕایانه که دووباره بووته وه ئاسانکاری پرۆسه ی هاوکاریه ، له به ر ئه وه  پێویستی به هه وڵێکی گه وره ناکات (چونکه دووباریه) ، بۆ نموونه نه خشه کێشانی دووباره و دانیشته کانی دووباره ئه وه ناکات هه وڵ وتێکۆشانی بدەێت لەبەر ئەوه مەرجه بنه ڕه تیەکان وه ك: هاوبه شی گفتوگۆ و ڕێکخراوی هه یکه لی و ده سته که ، پێشه کی ناسراون. ئه م کارڕانه گرنگه بۆ به رده وامی فێربوونی هاوبه شی. له سه ره تای ده ست پێکردنی هه ر هاوکارێکی هاوبه ش واپێویست ده کات هه وڵ وتوانا وکات بده ێت ، به ڵام ئه م هه وڵ وتێکۆشانه که م ده بێته وه له حاڵه تی به درێژکردنی گرێ به ستی هاوکارێکه.

- ڕاهێنانی و ئاماده کردنی به شداربووه کان  : هاوکاری له بواری فێربوون یا فێرکردن به رده وام ده بێت له ڕێگای به شداری هاوبه شی له لایه ن ئه و که سانه ی هاوبه شن. گرنگ ئه وه یه پرۆژه هاوبه شه کان پێش که ون ، و دانانی وه رشه ی کار له یه که مینایه تی ئه و کارانه ده بن.

له و ناوه چه ند جۆر له وه رشه ی کارکردن هه یه : وه رشه ی کار به شێوه ی تیۆری بۆ کرێکاران و مامۆستایان ، وه رشه ی کار به شێوه ی پێڕه و بابه ت (مه وزوع) كه دانوستان له بابه تی کانی هاوکاری هاوبه ش ده که ن.

- له نگه رگرتنی هاوبه شی کۆمه ڵایه تی : به به شداری هاوبه شه کان  و یه کگرتووه کان که  پێویسته به ئه وان (یه کگرتووی خاوه ن کاره کان ، سه ندیکه کان) بۆ بڵاو بوونه وه ی بنه ڕه تی هاوکاری.

ده توانین پێکهێنانی تۆڕه کانی هاوکاری بکه ین له ڕێگای پستگیری له نێوان یه کتردا بۆ ئاسانکاری ئه م شێوه هاوکاریه. باشتره به دامه زراندن و پێکهێنانی نووسینگەی کارگێڕی (بۆ نموونه : په یمانگه) بۆ به ڕێوبردنی ئه و په یمانگه یه ، که ده بێته خاڵی به یه ك به ستنه وه  له نێوان هاوبه شه کاندا.

کارگێڕی هاوبەشی فاکتەرێکی بنەڕەتییە لە فاکتەرەکانی هاوبەشی فێربوون لە ڤوتابخانەکان وکارگەکاندا (تۆڕە هاوبە شە کان). سە رکە وتن و مانە وە ی هاوبە شە کە بۆ کاتێکی درێژ پەیوەستە بە بەشداری و کارگێڕ و شارەزایی بەڕێوبەران کە ئەم هاوبە شە سە رپە رە رشتی دە کە ن. ئە م فاکتەرانە کە باسمان کرد بریتین لە پرۆسە ی هاوکاری و بەر پرس دە بێت لە کارگێڕی چۆنێتی.

## 4.3.1 بە ڕێوە بردنی (مانجمێنتی) چۆنایە تی هاوبەشی فێربوون

بە هێزترین ڕە گە ز لە شە راکە تی هاوبەشی فێربوون (بە ڕێوبە ران) ە کانن لە ڤوتابخانە کان وکارگە کان ، ئە و کە سانە ن وا ئە و هاوبەشییە بە ڕێوە دە بە ن. پێشکە وتن و نە جاحە تی ئەو هاوبەشییەی لە سە ر زانیاری وپشتگیری ئەو بەڕێوبەرانە دە مێنێت وە ئە رکی ئە و پرۆسە یان لە سە ر شانە ، چونکە ئە وان پێناوی ئە و هاوبەشی بە ڕێوە دە بە ن.

دابە شکردنی ئە رکە کان بۆ سێ بە ش دە بێت :

- بە رە و لێکۆڵینە وە و جێ بە جێکردنی ڕێکەوتننامەی هاوکاری

بە ڕێوبە ران و ڕێکخەرەکان بەرپرسیارن لە بەکارخستن و بەردەوامبوونی ئەم ڕێکەوتننامەشانەیە ، وە بە دواچوونی بکات و سانسۆڕی کاتە کان و پلانی دانراو بکات ، وە لە هە مان کاتدا یارمە تی پێشکە ش دە کە ن لە کاتی ڕووداوی کێشە کان لە ناکام دا و پێشکە ش کردنی چارە سە ر بۆ ئە و کێشانە.

ڕێکخە ران و بە ڕێوبە ران ئاگادارن بۆ دیکۆمە نتکردنی (نووسینی ڕاپۆرت) هە موو چالاکێکان تاکو گشت هاوبە شە کان بتوانن سە رنجی لێ بدە ن (هە تاکو چالاکی تاکە کان)

بە دیکومە نتکردنی ئەم چالاکیانە و تۆمارکردنی لە پە رتوکێك (پە رتوکی پرۆژە کان)کە هە موو ئامانجە کان و بە ڵگە کان (ڕاپۆرتی ڕۆژنامە یی ، نووسراوە کان و بە ڵگە کان ، ڕاپۆرتە کان ، کەرەستەی وانە کان ....) کە لە خۆی دە گرێت.

لە هە مان کاتدا بە ڕێوبە ر ئاگادار دە بێت کە چالاکێکان و پرۆژە کان لە کاتێکی گونجاو بێت. ئەم بۆچوونە وە لە بنە ڕە تە کان دا دە نرێت بۆ گە شە کردنی بیری نوێ دا ، وە لە دوایی دا دە بێتە هۆی درێژکردنی هاوکاری هاوبە شی بۆ ماوە یە کی دیکە ، سە رە ڕای ئە وە ڤوتابخانە کان و کارگە کان کرێکاران و ڤە رمانبە رانی نوێ ڕا دە کێشن.

- دابینکردنی پێوە ندی لە نێوان هاوبە شە کان

مە رجێکی گرنگە بۆ هاوبە شێکی کاریگەرئە وە یە پێوە ندییە بە ردەوام لە نێوان ڤوتابخانە و کارگە دا. ە ئە رکی بەڕێوبە ری ڕێکخە رە بریتیە لە دروستکردنی پێوە ندییەکی پتەو کە ئامانجی گە یاندنی زانیاری و گۆڕانکاری و تازە گە ری بۆ هە موو کارمەندان و لایە کانی تر زانیاریان هە بێت لە سە ر کاروباری گشتی لە ڤوتابخانە یان کارگە دا.لە ڕێگە ی گە یاندنی زانیارییەوە دە بێت هە یە پێوە ندی لە ناو ڤوتابخانە یان کارگەدا بگاتە لای هە موو کارمەندەکان.

- دابین کردنی بنە ڕە تی (سترکتور) هاوبە شی

دوای ئە وە کە باسی میدیایە کی فراون بۆ گرێ بە ستی هاوبە شە کە زۆر گرنکە گیاندنی ئە و زانیاریانە بە شێوە یێکی ڕێك وپێك دە ربارە فێربوونی هاوبە شی لە لایە ن میدیاکانە وە.

دروستکردنی پێوە ندی بە میدیای ناوخۆیی بۆ گە یاندنی زانیاری دە ربارە ی ئە و هاوبە شییە بۆ ڕای گشتی . لە سە ر هە موو هاوبە شە کان بە کارهێنانی ئامێرە کانی دیکە کە دە ست ئە کە وێت ، بۆ نموونە : کردنە وەی سایتی ئە نتە رنێت (ماڵپەڕ) ، پرۆپاگە ندە ، ریکلام ..... هە تا.

### ٤,٤. بۆچوونی کارگە کان (کۆمپانیاکان)

هاندانی کارگەکان بۆ ڕێکەوتننامەی هاوبە شی فێربوونی کاریگە رە وهە روە ها مانای ئە دات هە وڵ

و تێکۆشانی وتوانای گه وره بدات. شیکردنەوه ی لاوەکی له وانیه ببێته هۆی ئەوه که یەك لایه ن سوودی لێ وه ر بگرێ ، به ڵام لایه نه که ی تر سوودی لێ وه رناگرێ. وه له م حاڵه ته ناتوانین رێکەوتننامەی به رده وام بکه ین به ڵام ئه م شته ته نیا پشتگیری گۆڕینه وه ی ئامانجه کانی چاککردنەوه ی پێوه ندێکانی نێوان قوتابخانه و ئابووریدا.

هه روه ها جیاوازی هه یه له نێوان سوودی ڕاسته وخۆ وه سوودی نا ڕاسته خۆ. سوودی ڕاسته وخۆ بۆ هه ردوو لایه نی هاوبه شه که هه یه وه ئه ویش به پشتگیری و گۆڕینه وه شاره زایی له نێوانیاندا درووست ده بێت. به تایبه تی قوتابخانه سوود له ته کنۆلۆژیای نوێ دا ده که ن ، به ڵام کارگه کان له ناوچه دا ناوبانگی به ره و باشی وچاکی ده ڕوات له ڕێگای هاوبه شێکه دا.

به ڵام سوودی نا ڕاسته وخۆ له سه ر ئاستی ستراتیژیه. کارگه کان مسۆگه ری سه رکه وتووکان و پاراستنی به شه کانی ناوچه ی خۆی ده کات.

